د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر

# بۆ ئەوەی
# مێژوو دووبارە نەبێتەوە

لەژێر رۆشنایی هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا
پرسیار گەلێك لە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

٢٠٠٨

# بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە نەبێتەوە

**لەژێر رۆشنایی هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا**

**پرسیار گەلێك لە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان**

**د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

**مامۆستا لە بەشی مێژوو**

**کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی**

**سلێمانی ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ٢٠٠٨**

* بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە نەبێتەوە
لەژێر رۆشنایی هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولـدا پرسـیارگـەلێك لـە سـەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
* نووسینی: د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر
٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦
٠٧٥٠١١٢٨٠٤٠
Sarwary٧٤@yahoo.com
* ٢٠٠٨ -سلێمانی
* تیراژ: ٥٠٠ دانە

# پێشەکی

بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە مێژووی خۆیدا بەگەلێك قۆناغی هەڵکشان و داکشاندا چووە، گەلێ سەروەریی گەورەی تۆمار کردووەو چەندان شکستیشی رووبەڕوو بووەتەوە، یەکێ لەو شۆڕشە گەورانە شۆڕشی ئەیلول بوو، بەلام دووای خەباتێکی بێوچان، دووای چواردەساڵ تێکۆشان، بە شێوەیەکی تراژیدیانە کۆتایی پێهات. هەرەسی ئەم شۆڕشە لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی، سەربازی، ئابوری، کۆمەلایەتی و دەروونییەوە کاریگەری زۆرخراپی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشت. لەو ڕۆژە تاریك و نوتەکەدا، لەو سەردەمەی زاڵی رژێمی بەعس و شکستەی گەلی کورددا، لەسەر دەستی کۆمەڵێك تێکۆشەری ماندوو نەناس، یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان درووست بوو و چووە کۆڕی خەباتەوە. کە لەماوەی تەمەنی خۆیدا توانی گەلێ سەروەری گەورە تۆمار بکات، بە دەیان هەزار قوربانی دا، دەسکەوتی مەزنی بۆ گەلی کورد وەدەستخست، دەست پێکردنەوەی شۆڕش، هێنانەکایەی ئەزمونێکی تازەی خەبات لە کوردستاندا، رۆڵی لە ڕاپەڕینی ئازاری ۱۹۹۱ دا، هێنانەکایەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی و دەیان دەسکەوتی تر، هەر لەسایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەڤاڵ مام جەلالی سکرتێری بوو بە سەرۆك

کۆمـاری عـیراق، بـەڵام بەداخـەوە لـەم دواییانـەدا لەسـەرجەم لایەنەکانی ئیداری و ڕێکخستن و سەربازیەوە (ی.ن.ك) لەنێوخۆیدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووەتەوە، گەیشتۆتە ئاستێك کەوا دەوڵەتـە ناوچـەییەکان و حزبـەکانی تـریش دەسـت بخەنـە کاروبارەکانیەوەو گرەو لەسەر لێك هەڵوەشانەوەو لەبەریەکترازانی بکەن. لەبەرامبەر ئەمەدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پەرۆشی چارەسـازییەکن بـۆی، بەخەڵکـە یەکییـەتی و غـەیرە یەکییەتیەکەشـیەوە، تەنانـەت بەشـێکی زۆری تێکۆشـەرانی پارچەکانی تری کوردستانیش خوازیاری ئەوەن (ی.ن.ك) لەو قەیرانە دەربازبێت. چونکە ئەگەر (ی.ن.ك) لەسەر ئەم ڕەوشەی بەردەوام بێت نەك هەر چارەنوسێکی نادیار چاوەڕێی دەکات، بەڵکو چارەنوسی هەموو میللەتی کورد ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

ئـەم توێژینەوەیـەی بەردەسـتتان وەك هەسـت کردنێـك بـە لێپرسراوییێتیەکی مێژوویی نوسراوە، ئێمەی کورد لەخەباتی سیاسیماندا هەرگیز پەندمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، لەم چەند لاپەڕەیەدا بەراوردێکی مێژوویی ئەو رابردووەمان خستۆتە روو، لەو فاکتەرانە دوواوین کە بوونە مایەی هەرەسهێنانی شۆڕشێکی چواردەساڵەی میللەتێکی ستەمدیدەی وەکو کورد بەدەسـت سیاسـەتی هەڵـەی سـەرکردایەتیەکی بێدەسـەلاتی تەسـکبینی نەشارەزا لەسیاسەتی دەولی و ناوچەیی و بێمنەت لە میللەتەکەی

خۆی. ئەگەر سەیرێکی رەوشی ئەمڕۆی (ی.ن.ك) بکەین ئەوا گەلێ پرسیارمان لا دروست دەبێت و پێمان وایە ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوام بێت ئەوا چارەنوسی ئێمەش لە چارەنوسی نەوەی پێشوو باشتر نابێت.

مەبەست لە نوسینی ئەم بابەتەدا ئامۆژگاری کردنی هیچ کەسێك نیە، هیچ شتێکی تازەشمان نەووتووە کە لەمەوپێش نەوترابێت، چونکە دڵنیام سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئەو راستیانە زۆر لە ئێمە باشترو زیاتریش دەزانن، بەلام ئێمە ویستوومانە تەنها وەبیریان بخەینەوە. بۆئەوەی تەفسیری خراپیش بۆ کارەکەمان نەکرێت، ئەم نوسینەمان بەشێوەیەکی بەربلاو چاپ نەکردووەو نەمان خستۆتە بازاڕەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سنوردار (تداول محدود) بلاومان کردۆتەوە، ناوی کەسمان نەزڕاندووە، هەروەها هەوڵماندووە ناوی هیچ کەسێك لە بەرپرسەکانی (ی.ن.ك) نەهێنین و تەنها بەشێوەی پرسیار بابەتەکەمان خستۆتە ڕوو. چونکە پێمان وایە ئۆباڵی ئەم بارودۆخە سەرجەم ئەندامان و کادرانی یەکێتی لێی بەرپرسیارن، لەئەندامێکی سادەی خوارەوە تا جەنابی سکرتێری گشتی، بەلام هەرکەسەو بەقەد خۆی.

هیوادارم ئەم بابەتەم وەك هەوڵێکی دڵسۆزانە وەربگیرێت نەك هیچ مەبەستێکی تر. چونکە وەك مامۆستایەکی زانکۆو پسپۆر لەبواری مێژوودا، هەروەها وەك کادیرێکی (ی.ن.ك)، دوور لە هەر

مەبەستێکی تر، بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی وەك لێپرسراوییەتیەکی مێژوویی ئەم چەند لاپەڕەیە بنوسم.

هیوادارم هیچکام لەو پرسیارانەی کردوومانە، لەو شكو گومانانەی هەمانە، راست نەبن و بارودۆخی یەکێتی ئەوەندە باش بێت من هەڵە بم لە نوسینەکەمدا.

بەهیوای هەستکردنی زیاتر بە مەسئولییەت.

بەهیوای فەراهەم بوونی گیانی لێبوردەیی.

بەهیوای وەلانانی بەرژەوەندییە شەخسیەکان لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ك)ەوە.

بەهیوای چاککردنی بارودۆخی (ی.ن.ك).

د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر

تشرینی دووەمی ٢٠٠٨

سلێمانی

## هەڵسەنگاندنێکی شۆڕشی ئەیلول

شۆڕشی ئەیلول لەساڵی١٩٦١ دا لەبارودۆخێکی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی دیاریکراو، لەئەنجامی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی دەیان ساڵ دا، بەشێوەیەکی تراژیدی لەچیاکانی کوردستان مەشخەڵی بەرز بۆوە و گەیشتە هەموو ناوچەکانی باشوری کوردستان.

ئەم شۆڕشە وەلآمدانەوەیەکی مێژوویی بوو بەرامبەر بەسیاسەتی سەرکوت کەرانەی حکومەتی قاسم. ئەنجامی پاشگەز بوونەوەی حکومەتی عیراق بوو لەبەڵێنەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردستان لە چوارچێوەی ژیانی دیموکراتی و ئاشتیدا.

تراژیدیای شۆڕشی ئەیلول وێنەیەکی ئەوەندە سامناك و دڵتەزێنە کەڕوداوەکانی سەرنجی گەلێ لەرۆژنامەنوسانی راکێشا تا رێپۆرتاژ و کتێبی لەسەر بنوسن، سەرنجی زۆر لەپارت و رێکخراوی دنیای راکێشابوو تاکو پشتیوانی لێ بکەن و هاوکاری بکەن. سەرنجی هەندێ ولاتانی جیهانی راکێشابوو لەکۆڕو کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتی یەکاندا بەسۆزەوە باسی لێ بکەن. جگە لەمانەش هەزاران گەنج و لاوی کورد بوونە قوربانی ئەوڕاپەڕینە چەکدارییە، هەزاران دێهات سوتان و لەگەڵ زەوی دا یەکسان کران. تێکڕا گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی نیشتیمانەکەیدا پشتیوانیان لێ کرد و بەهیوای دوا رۆژێکی سەرکەوتووانەوە دەیانڕوانیە ئەنجامەکەی.

دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازای ١٩٧٠,و چوار ساڵ بارودۆخی نەشەڕ نەئاشتی لەکوردستاندا, لەئەنجامی مل نەدانی حکومەتی عێراق بۆ مافەکانی کوردو داننەنان پێیاندا لەنیسانی (١٩٧٤)ەوە شەڕ بەگەرمی لەکوردستاندا دەستی پێکردەوە. نزیکەی هەموو کوردی باشور لەژێر ئالاّی بارزانیدا کۆبوونەوەودژی ڕژێمی بەعس وەستان, جگە لە (هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق)* و ژمارەیەکی کەمی کورد نەبێت, کەسێکی ئەوتۆ هاوکاری بەعسی نەکرد, شەڕی ئەمجارە لەچاو قۆناغەکانی پێشوودا لە هەمووکات گەرمترو سەخت تر بوو. پشتیوانی کوردیش لەشۆڕشەکەدا لەچاو قۆناغەکانی پێشووتردا لەهەموو کات فراوانتر بوو. سەدان هەزار کەس چوونە ناو ریزی شۆڕشەکەوە, لەوانە بەسەدان ئەفسەر, مامۆستای زانکۆو قوتابخانەکانی ناوەندیو سەرەتایی, پزیشک, ئەندازیار, پارێزەرو.. هتد, تۆپخانەی قورسی ئێرانو شارەزاکانی بۆ پاڵپشتی کورد بەشداربوون. [1] دەتوانین بڵێین شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ لەنێوان حکومەتی

---

* حزبی شیوعی عیراق ئەوکاتە لەبەرەدابوو لەگەڵ بەعسدا هاوبەشی حوکم بوو، چەکدارەکانی لەپاڵ سوپای عیراقدا دژی شۆڕشی کورد شەڕیان دەکرد. وەلە رۆژنامەکانیشیاندا (طريق الشعب، فكر الجديد، بيری نوێ )دا سەر کردایەتی شۆڕشیان بە داروەدەستەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست دادەناو بە (جيب العميل)ناویان دەبردن، ستایشی حزبی بەعس و دەسکەوتەکانیان دەکرد و پێ یان وابوو حزبی بەعس عیراق بەرەو سۆسیالیزم دەبات.

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چ٢, ١٩٩٧, سلێمانی, چاپخانەی

عێراق و شۆڕشی کوردستاندا, کەوتە سنورێکی ئەوەندە فراوانەوە کە بوو بەشەڕی میللەتی کوردو حکومەتی عێراق. ئەمە راستییەکەو دەسەلاتدارانی عێراقیش نەیانتوانی خۆیان لەئاستی دا لادەن. ئەوەتا (سەدام حسین) بە بۆنەی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی جەزائیر لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠دا بەم جۆرە دانی پێ دادەنێ: "جەنگە کە گران و سەخت بوو, هێزی چەکدار زیاتر لە (١٦) هەزار پێکراوی لەنێوان شەهیدو برینداردا لەدەست چوو, سەرجەمی پێکراوەکان لەجەنگدا لەنێوان سەربازو هاوولاّتی دا نزیکەی (٦٠) هەزار پێکراو بوو لەنێوان شەهیدو کوژراو و برینداردا...".[٢]

لەشوێنێکی تردا (سەدام حسین) سەبارەت بەخراپی بارودۆخی دەوڵەتی عێراق کە بەهۆی شۆڕشی کوردستانەوە تووشی هاتبوو دەڵێت: "کار گەیشتبووە پلەیەکی ترسناك, کاتێك پێداویستییە بنچینەییەکانمان, بەتایبەتی چەکی یەکلاکەرەوەمان بەرەو کەمی دەچوو.. جبەخانەی تۆپی قورسمان لەتەواوبوون دابوو, لەبۆمبا قورسەکانی چەکی ئاسمانی تەنیا سێ دانەمان مابوو".[٣]

---

زانکۆی سلێمانی, ل٢٠؛ مارتن ڤان برۆنەسن:ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ وەری گێڕاوە، ب١، چ٢، سلێمانی، ل٥٨

(٢) حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست: راپۆرتی ناوەندی نۆیەم کۆنگرەی هەرێمانە, حوزەیرانی ١٩٨٢، بغداد، ١٩٨٣، ل٧٧

(٣) مؤسسة الدرسات والابحاث:الصراع العربی الفارسی: ١٩٨١, باریس, ل١٢٠؛ سعد البزاز:الاكراد فی المسألة العراقیة، ١٩٩٦، عمان، ل٤٣

ئەمــە دوا کــارتی بەعســیەکان بــوو لــەڕووی گرتنەبــەری تەقــەلای سیاسـیو دبلۆماسـیانە بـۆ لـەباربردنی شۆڕشـی کـورد. لەڕێکـەوتی ٦ی ئـازاری ١٩٧٥ دا ڕێکەوتننامـەی جـەزائیر لەشـاری (الجـزائیر)دا لـەنێوان (صـدام حسـین)و (شـای ئێـران)دا مـۆرکرا. (٤) کـە ئـەوەش بـوو بـەهۆی تێکشکانی شۆڕشی ئەیلولوورزگاربوونی ڕژێمی بەعس لە لەناوچوون.

ڕاستە ڕێکەوتنی جەزائیر وەك هۆیەکی دەرەکی و فاکتەرێکی بابەتی کاریگــەربو. بــەڵام ئەگــەر هۆیــە ناوخۆییــەکانو فاکتــەرە خۆییەکــە بۆڕوخـانو هـەرەس هێنـانی شـۆڕش لـەبار نەبونایـە هـەرگیز ئاشـبەتاڵ نەدەبوو.

ئەو کاتەی بارزانی بڕیاری ئاشبەتاڵی دا, هەندێك لەسـەرکردەکانو پێشمەرگەکان دژی ئاگربەست وەستانو ڕایانگەیاند کـە:" ئێمـە سیانزە ساڵە بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆمان لـەم شاخو داخـە خـەریکی شەڕو بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنین. ئێمـە بی یارمـەتی شای ئێـران تـا دوا هەناسـەی ژیانمـان درێـژە بـە شـەڕ دەدەیـن". (٥) لەوانـە: (عـەلی عەسکەری) داوای دەکرد لەسەر بەرەنگاربوونەوە بەردەوام بیو سوربوو

---

(٤) عیســی پــژمان: نهێنــی بەســتنیپەیمانی١٩٧٥ی ئــەلجزائیر لــە ئەرشــیفی تــەواونهێنی ســاواك، وەرگێڕان:ناســرئیبراهیمی ســوئید,١٩٩٧,ل٩٠؛ منوچــهر پارسادۆست: ناکۆکی ئیران–عێراق, وەرگێڕانی محسن علی ١٩٩٥, سلێمانی,ل٥٢؛ جەمال نەبەز:ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگری ئاگری جەنگی عێراق وئێراندا, ستۆکهۆڵم,١٩٨٩,ل ١٦.

(٥) عیسا پژمان: نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر–ل٩٢

لەسەر ئەوەی چەك دانەنێن. [٦] هەروەها (ئەسعەد خۆشەوی) کە فەرماندەیەکی لەشکری پێشمەرگەبوو وەڵامی بروسکەی بارزانی دایەوە کە ئەگەر بڕیاری خۆڕاگرتن بدات ئەوان دەتوانن بۆ ماوەی دوو ساڵ شەڕبکەن, چونکە تا دوو ساڵ چەك و خواردنیان هەیە. بەڵام بارزانی بروسکەیەکی تری بۆ لێدان کە لەگەڵ کەس و کاریان خۆیان بگەیەننە حاجی ئۆمەران. [٧]

لەشەوی ١٨-١٩٧٥/٣/١٩ فەرماندە سەربازیەکان لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوەو داوایان لەبارزانی کردووە کە بمێنێتەوەو شەڕی پارتی زانی درێژە پی بدەن و ئەو لە شوێنێکی ئاسایشدا دابنیشێ. بەڵام بارزانی رازی نابێت و رەشبینی خۆی دەردەبڕێ لەبارودۆخەکەو دەڵێ هیچ رێگا چارەیەك نیە. جگە لەوەی هەر کەسێك دەیەوێ بگەڕێتەوە عێراق بەخشین هەیە. ئەو کەسەش کە ناگەڕێتەوە عێراق ئەوا بابێتە ئێران و دابنیشێت. [٨]

(سەیدا ساڵح یوسفی)ئەندامی مەکتەبی سیاسی بیروڕای بەرامبەر بەشۆڕش بەم جۆرەبوو: "من رام وابوو کە شۆڕش بەردەوام بێ و پێمان دەکرێ شەڕبکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەنزیکترین دەرفەتدا, لەپێگەی

---

[٦] حسین محەمەد عەزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا, دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ جرجیس فتح الله چاپی یەکەم, ١٩٩٧, سوید, ل١١٢.

[٧] کریس کوچیرا: مێژووی کورد لەسەدی ١٩و ٢٠دا, ل٥٠٦

[٨] حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی: لەشنرویۆوە بۆستۆکهۆڵم, چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەریەکانم لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا، سلێمانی, ٢٠٠٠ , ل١٥٥-١٥٦.

بەهێزی یەوە وتو وێژ لەگەڵ حکومەتدا بکەین.. و خەباتی دبلۆماسی زیاتر پەرە پێ بدەین لەگەڵیدا. بەڵام کەسێکیان گوێیان لەو بۆچوون و پێشنیارەم نە گرت...".[٩] هەروەها لەکۆبوونەوەی ١٩٧٥/٣/١٨ دا سەیدا سالح یوسفی روی کردە بەشداربووان و وتی:"هەڤالان.. لەکاتێکدا کەپێویست نەبوو شەڕبکەین شەڕمان کرد... ئێستاش کەپێویستە لەسەرمان شەڕبکەین، پێمان دەڵێن شەڕوبەرەنگاری کردن لەبەرژەوەندی ئێمەدانیە..."[١٠]

سەرکردایەتی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)یش (شیهابی شێخ نوری و ئارام) پێوەندیان بە (ئیدریس بارزانی)یەوە کردبوو و پێیان راگەیاندبوو کە رێکخراوێکی نهێنین و ئیمکانیاتی شارو شاخ ئەوەی هەیانە دەیخەنە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕش بە مەبەستی بەرگری, بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتن.[١١]

هەروەها سەبارەت بەدرێژە پێدانی شۆڕش ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ: "کەبیستم شۆڕش خەریکە هەرەس دێنێ, گەڕامەوە, چومەلای بارزانی, پێم وت با لێژنەیەك دروست بکەین, ئێمە خۆمان هیچ ناکەین, با

[٩] حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن ١٩٧٤/٣/٢٨بۆ ١٩٧٥/٣/٢٧ چ١, ١٩٩٩, سلێمانی, ل٢١٤-٢١٥.

[١٠] محمد رەنجاو:شەهید سەیدا صالح یوسفی...رابەرێکی نوێی تێکۆشان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ, ژمارە(٤٢١)٢٥/٦/١٩٩٣.

[١١] ئەرسەلان بایز: راگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، ل٤٥؛ عومەری سەید عەلی: هەندێ لایەن و رەوتی مێژوویی و سەرەتایی دامەزراندنی ی. ن. ك، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(١٩)، ل٤٤.

کۆمەڵێکی تازە ئەو کارە لەئەستۆی خۆیان بگرن.. ئەوانەی دەیانەوێ خەبات بکەن چەکەکانیان دەدەینێ. باخەباتی خۆیان بکەن "مەلا مستەفا پیشانی دا, کە ناتوانین شەڕبکەین و هیچمان پی ناکرێ. وەپێی وتم, ئەگەر شەڕبکەین, تۆ دەتوانی لەم شەڕەدا چی بکەی؟ وتم نازانم تەقەش بکەم, بەڵام لەلای تۆ دادەنیشم و مەخزەنت بۆ پڕ دەکەمەوە. پێم وت:.. دوژمن وازو ناگاتە لای تۆ, مەگەر بەسەر لاشەی دەهەزار پێشمەرگەدا هەنگاو هەڵێنێ. وتی برایم تازە لەدەستچوو, کەسمان لەگەڵ نیەو هیچ ئومێدم نەماوە.. ". [١٢]

جگە لەمانە هاوڕێیانی قیادەی مەرکەزی (حزبی شیوعی عێراق)* یش پێیان وابوو بەرگریی بکرێ, داوای یارمەتی چەك و پێداویستی تریان لەبارزانی کرد. ئەگەرچی بارزانی سەرەتا بەڵێنی دابین کردنی پێداویستیەکانی پێ دان. بەڵام دوایی هیچی بۆ نەکردن و پشتگوێی خستن. [١٣]

هەروەها هەردوو ڕێکخراوی (یەکیتی قوتابیانی کوردستان)و (یەکێتی لاوانی کوردستان) کە ژمارەیەکی زۆریان لە لاوانی کورد بە دەورەوەبوو. بەگیانێکی پڕ لەحەماسەتەوە دژ بە بڕیاری ئاشبەتاڵ

---

[١٢] حسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا, چ١، ١٩٩٥, ستۆکهۆڵم, چاپخانەی باران, ل ٧٥-٧٦.

* قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عیراق، ئەوباڵەبوو کە لە (حشع) جیا بووبووەوەو لە بەرەی شۆڕش دابوو لەپاڵ (پ.د.ك)دا دژی ڕژێمی بەعس، ئەم باڵە (ابراهیم علاوی) سکرتێر یان بوو.

[١٣] حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن, ل٢١٦-٢١٧، ٢٢٣

وەســتانەوەو داوای بــەردەوامبوون لەســەر بــەرگری و درێژەپێــدانی شۆڕشیان دەکرد. (عادل موراد)ی سەرۆکی (ی. ق. ك) بڕیاری ئەوەی دابوو کە چەندین مەفرەزەی چەکداری جەنگاوەر لەقوتابیانیش دروست بکەن و شان بەشانی پێشمەرگە بەشداری شەڕ بکەن. [(١٤)]

(سەربەست بامەڕنی) لەیەکێتی لاوانەوە دەڵێ: "ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٩ وەفــدێکمان نــاردووە بــۆ لای (مەکتــەبی سیاســی) پــارتی و پێیــان ڕاگەیانـدون کـە ئـەو بڕیـارەی داویانـە تـاوانێکی زۆر گەورەیـە دەرهـەق بــەکوردو شۆڕشــەکەی و ئــەوانیش داوای بــەرگری و درێژەپێــدانی شۆڕشیان کردووە". [(١٥)]

بـەڵام ئـەم هەوڵانـەو دەیـان هـەوڵی تـری لـەم بابەتـە لـەدواتردا، هـیچ شتێکی لەشوێن نەڕواوکەس گوێی پێ نەدا چونکە بارزانی سەرکردەی شۆڕش بڕیاری کۆتایی پێ هێنانی دابوو.

مــام جــەلال لــەم بارەیــەوە دەڵێــت:" بــەر لەهــەرەس لەبــەیروت (بریمـاکۆف)م بینـی، زۆر هەوڵیـدا مـن هـەوڵ بـدەم لەگـەڵ بـارزانی کـە وازنەهێنێت و شۆڕشەکە بلاوە پێنـەکات. تەنانـەت بەڵێنی پێدابن وتـی ئەگەر ئێوە درێژە بەخەبات بدەن ئێمەی سۆڤیەت وەکو جاری جاران، وەکو شەستەکان یارمەتیتان دەدەیـن و وتـی ئەوە تـازە بۆتـان دەرکەوت ئـەمریکاو ئێـران خیانـەتیان لێ کـردن، وتـی فەرمووسـەرکردایەتی کـورد ئەوەنـدە هاوکـاری ئێرانیـان کـرد، ئەوەنـدە هاوکـاری ئـەمریکای کـرد، ئەوەندە هاوکاری دەوڵەتی تری کرد، فـەرموو ئەوەتا پشتیان لێ کـردن و

---

[(١٤)] هەمان سەرچاوە, ل٢٠٢

[(١٥)] هەمان سەرچاوە,ل٢١٢

ئێوەیـــان فرۆشـــت و واخەریکـــە دەربـــەدەربن. بۆیـــە ئێـــوە درێـــژە بەخەباتەکـەتان بـدەن و ئێمـەش پشتیوانیتان لێ دەکـەین. گوتیـان لـەدوو لاوە پشتیوانیتان لێ دەکەین. یەك: وەك جاری جاران یارمـەتیتان دەدەیـن و دووەمیـــان: فشـــار دەخەینـــە ســـەر عـــیراق. " مـــام جـــەلال دەڵێ: ئـــەو هەوالأنـــەم نـــارد بـــۆ ســـەرکردایەتی شـــۆڕش بەداخـــەوە بـــە جیـــددی وەرنەگیرا.[١٦]

بـارزانی رۆڵــی یەکــەم و ســەرەکی لەشــۆڕش و بڕیــاری وازهێنــانی لەشۆڕشـدا هـەبوو. هـەروەك هـەرەس سـەلماندی کەسـەرجەم گـەلی کـورد چاوەڕوانی بڕیاری ئـەوبوو. بـەلأم بەتـەنهاش تـاوانی ئەوهەلأنـە خسـتنە ئەستۆی بارزانی کاری نابەجێیە. چونکە گشت دەسـتەی سـەرکردایەتی لـــەوەدا بەشـــدارن. بێگومـــان بـــارزانی و کوڕەکـــانی لەســـەرووی هەمووانـــەوەن، ئنجـــا مەکتـــەبی سیاســـیو ســـەرکردایەتیو دەزگـــەی (پاراستن).

لـەم بارەیـەوە مەسـعود بـارزانی پێـی وایـە" بـارزانی پـاش سـاڵی ١٩٧٠ مەسئول نـەبووە لـەزۆر هەڵـەی کـە کـراو زۆر شتیش ئێمـەو مانـان کـە لـە دەوری ئـەو بـووین لێ ی مەسـئولین ... و هـەموو قیـادە مەسـئول بووە"[١٧] بەلأم مستەفا بارزانی خۆی لـەدانپیانانێکی رۆشـندا دەڵێت:

---

[١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢

(١٧) مســـعود بارزانی:التقريرالسياســـي والقـــرارات السياســـية والـــبلاغ الختـــامي للمـؤتمر التاسـع للحـزب الـديمقراطي الكوردســتاني-العـراق، المنعقـد فـی تشـرین الثاني عام١٩٧٩، ل٣-٤.

"ئەوەی بەسەرمان هات هەمووی ئیهمالی و زوڵمی ئێمە بووەو زیاترین کەس من تەحەمولی مەسئولیەت دەکەم". (١٨)

بەلاّم لەگەڵ ئەوانەشدا نابێ گەورەیی کارەسات و قەبەیی هەڵەو زۆری زیانەکان راستیمان لێ بشارنەوە.. بۆچونی زانستیانەمان لێ تێك بدەن و کوێ ئەو هۆیانەی کە هەن لێمان ون کەن. پێویستە لێپرسراوەتی دەیان سەرکردەو سەدان کادری سەربازی و سیاسی و هەزاران رۆشنبیرو تێکۆشەر نەخرێتە لاوە... سەرکردایەتی پارتی و دەزگاکانی سەرجەم بەرپرسیاربوون، هەریەکەو بەپێی جێگەو لێپرسراوەتی و تواناو رۆڵ و وازی کردنی ئۆبالی هەرەسەکە، سەرجەم تێکۆشەرانی ناو جولانەوەی نیشتمانی، پرپیشکی بەر پرسیاری دەیانگرێتەوە، چونکە راستە کە بارزانی دانیشت و سەرکردایەتی پارتی بەزی و بووبەژێر هەرەسەوە. بەلاّم زەمینەی بەردەوامیی خەبات و بەهەزاران پێشمەرگەو پالپشتی جەماوەرو چەك و تفاقی شۆڕشەکە لەئارادابوون. هەر چەند تێکۆشەرێ بجولانایە کارەساتەکە روی نەئەدا، یا بەو قەبەییە نەدەبوو، یان ئەو هەموو زیان و شوێنەوارو سەرەنجامە خراپانەی لێ نەدەکەوتەوە و خەباتی دوا سەردەمەکەیشی وا پڕ ئەرك و کوێرەوەری نەدەکرد.

لە ئێوارەی ١٨/١٩-٣-١٩٧٥ کە بارزانی کۆبونەوەیەکی فراوانی بە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەشێکی زۆر لەفەرماندەکان کردو

---

(١٨) مومتاز حیدری و نەژاد عزیز سورمێ: کۆنگرەی ٩٠ساڵەی لەدایك بوونی بارزانیی نەمر، سەلاحەددین١٤١٧/٩/١٩٩٣، کوردستان، ١٩٩٧، چاپی یەکەم، ل٢٨٦

بڕیاری ڕاگرتنی شەڕو کشانەوە ناو ئێرانی پێ ڕاگەیاندن. بڕیارەکەی بارزانیان پەسەند کردو سەرانی پارتی و لێپرسراوانی لەشکر، تەنانەت ئەوانەیش کە سووربوون لەسەر درێژە پێدانی شەڕ بەگشتی دوای کەوتن.[19]

گەلێ فاکتەر و هۆکاری ناوخۆو دەرەکی بوونە مایەی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول. دەکرێ لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیانەیان بۆ بکرێت، دور لە لەبەر چاو گرتنی لایەنی هەست و سۆزداری.

سەبارەت بەمە مەسعود بارزانی دەڵێت: "دەبێ دان بەوەدابنرێت کە ڕێککەوتنامەی جەزائیر تاکەهۆنەبوو بۆهەرەسی١٩٧٥، بەلکو هۆکاری ناوخۆیی گرنگ هەبوون، وەك بەرەڵلایی و ئاژاوە لەناو ریزەکانماندا".[20]

ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە هۆی بنچینەیی و گرنگ پێش ئەو ڕێککەوتنە لەسەر یەك کەڵەکە بوو بوون، تا ئەهات زیاتر ناوجەرگی بزوتنەوەکە یان ئەخواردەوەو پوچیان ئەکردەوە. ڕێکەوتنەکەی ئێران و عیراق تەنها ئەو کاتە توانی ڕۆڵی کاریگەر ببینێ کە ئەو هۆ بنچینەیی و گرنگ و کاریگەرانە ڕۆڵی تەواوی خۆیان بینی بوو، و وایان لەبزوتنەوەکە کردبوو کە تەنیا قاوغێکی بەتاڵی لێ مابووەوە بۆیە ئەومونامەرە دەولی یەی لەکورد کرا وا بە ئاسانی توانی مەبەستەکەی خۆی بپێکێ و کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول بێنێ. لێرەدا هەوڵدەدەین

(١٩) مسعود بارزانی: التقریرالسیاسی والقرارات السیاسیة والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع، ل٣.

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٤.

لەگرنگترین هۆکارەکانی ئەم هەرەسە بدوێین و شییان بکەینەوەو لەگەڵ ئەم رەوشەی ئێستاشدا بەراوردی بکەین.

# هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول

## یەکەم: هۆکارە ناوخۆیی یەکان

## ١-هۆكارە حزبی یەكان

سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ئەوەشدا كە جەماوەرێكی فراوانی هەبوو، بەڵام هەروەك بزوتنەوە كوردیە چەكدارەكانی پێش خۆی پێگەیەكی چینایەتی خێڵەكی پێوە دیاربوو.

بەدرێژایی تەمەنی چواردەساڵەی شۆڕش، پارتی لەبواری رێكخستن وكادر پەروەردە كردندا سەركەوتوو نەبوو. كەم و كوڕی رۆشنبیری و تێگەیشتن لەسیاسەت لای زۆربەی كادرەكان دیاردەیەكی شاراوە نەبوو.[٢١] ***(ئایا ئێستا ی.ن.ك بەهەمان قۆناغدا ناڕوات؟ئایا ئەو لەشكرە بەناو كادیرەی دروستكراون لە مەڵبەندو كۆمیتەكان زۆربەی هەرەزۆریان لەو حاڵەتە بەدەرن؟)*** تەنانەت نزمی ئاستی رۆشنبیری لەنێو ریزەكانی پارتی دا بەڕادەیەك بوو كە مەكتەبی سیاسی باش هەستی پێ كردبوو، هیچ جۆرە خۆراكێكی روناكبیری لەنێودا نەمابوو، پارتی لەبواری رێكخستن و كلتوریدا هەڵوەشابۆوە... خۆشیان دەركیان بەم راستیە كردبوو،[٢٢] ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك یشدا مەكتەبی سیاسی هەستی بەو حاڵەتە نەكردووە؟ یا هەستی پێكردووەو خۆی لێناكاتە خاوەن؟ ئایا ی.ن.ك لەبواری رێكخستن و كولتوریدا لەناوەرۆكدا لەیەك هەڵنەوەشاوەتەوە؟ یاخود بەم حاڵە بەرەو هەڵوەشانەوە ناچێت؟ ئایا لەوسەردەمی پدك باشترین؟)***، پارتی خۆی بەهیچ تیۆرێكی

---

[٢١] ئۆرخانی غالب: شۆڕش ئەیلول و رۆژگاری دوای هەرەس، چ١، ١٩٩٠، لندن، ل٢١

[٢٢] حسین محمد عزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا، ل١١١

کۆمەڵایەتیەوە نەبەستبۆوە، تاڕادەیەکی زۆر پراگماتی بوو.[٢٣] ***(ئایا ی.ن.ك کە خۆی بەهەڵگری بیری سۆسیال دیموکرات دائەنێ، لەژیانی پراکتیکیدا تاچەند مۆرکی مەبدەئە سەرەتاییەکانی سۆسیال دیموکراتی پێوەدیارە؟ لەکاتێکدا سکرتێری گشتی ی.ن.ك جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنترناسیۆناڵە)***، لەڕوی ساسیشەوە لەنێو پارتیدا گەلێ باڵی جیاواز هەبوون، کە هەریەکەیان بیرو رایەکی جیاوازی هەبوو. ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا باڵو تەکەتولاتی زیاتر نیە؟ ئایا تەکەتولاتەکانی بەناوی ریفۆرمو یەکبونو رابوونو رەگو تا ئەو باڵو تەکەتولانەی بەناوی هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە ناودەبرێن، کامەیان لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی یەکێتی دان؟)***.

بارزانی سەرۆکی پارتی بوو هەر لەدامەزراندنیەوە.. بەڵام باوەڕی بەکاری حزبی نەبوو...هەولی دەدا کە بەتەنها خۆی کۆنترۆڵی تەواوی حزبەکە بکات بەڵام پاش بەیانی ئازاری١٩٧٠، کە ئیدی حزب رۆلی بەرچاوی بینی و جلەوی کارەکانی گرتەدەست. ئیدریس و مسعود چونە نێوحزب و کرانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.[٢٤] ***(ئایا ئێستا لەنێو ی.ن.ك دا بەرپرسە باڵاکان خەونو خەیاڵی ئەوەیان نییە کە کوڕو براو کەسەکانی خۆیان بەرنە پێشەوەو پۆستی گرنگیان پێببەخشن؟ ئایا لەبەر ئەوەیانە لێهاتوون یان کەسی خۆیانن؟ ئایا کادیری لەوان***

---

[٢٣] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢١

[٢٤] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوشو.. ل١١

***ماندوترو دڵسۆزترو لێهاتووتر نیە؟)***، سەبارەت بە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول مەسعود بارزانی راستی پێکاوە کە وتوویەتی:"نابێ گلەیی لە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی بکەین، بەڵکو دەبێ گلەیی لەخۆمان بکەین چونکە ئەو پرۆگرام و پەیرەوە جێ بەجێ نەئەکرا "[٢٥] ***(ئایا ئێستا لەنێو ی.ن.ك کەس پەیرەو و پرۆگرام جێبەجێ دەکات؟ ئایا لە بەرزترین دەسەلاتی نێو یەکێتیەوە تا دووا ئەندام، کەس هەیە لەسەر پەیرەوو پرۆگرام بڕوات؟)***.

بیروباوەڕی ئەندامانی سەرکردایەتی (پدك) رۆژ بەرۆژ کزتر دەبوو و پێوەندیان لەگەڵ بارزانی دا زیاتر مۆرکی شوێن کەوتەیی وەردەگرت.[٢٦] ***(ئایا بیرو باوەڕی سەرکردایەتی ی.ن.ك زۆر رۆشنە؟ ئایا مۆرکی شوێن کەوتەیی زەقیان پێوە دیارنییە؟ ئایا هەر چەند کەسێکیان و بە ئاراستەیەکدا ناڕۆن؟)*** پارتی لەیەك ترازابوو، هەست بەلێپرسراویەتی نەمابوو. ***(ئایا ی.ن.ك ئەگەر لێکیش نەترازابێت، لەسەر لێواری لێکترازان نییە؟ ئایا هەست کردن بە لێپرسراوێتی لەنێو یەکێتیدا زۆر بەرزە؟)*** لەنێو (پدك)دا چەند شوێنێکی خاوەن دەسەڵات پەیدابوو بوون و گیانی فەرامۆشی و هەڵپەرستی و رەچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەتی تەسك لەهەموو پلەو پایە جیاجیاکانی سەری

---

(٢٥) حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب الدیمقراطی الکردستانی–العراق، ل٣٧٥

(٢٦) پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسانگاندنی رەوش و...ل١٢

هەڵدابوو.[٢٧] ***(ئایا لەنێو ی.ن.ک دا چەند شوێنی خاوەن دەسەڵات درووست بوون؟ ئایا گیانی فەرامۆشی و هەڵپەرستی وەرەچاوکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی تەسک لەهەموو پلەو پایە جیاجیاکاندا سەری هەڵنەداوە؟)***، جگە لەمە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەنێو خۆیاندا پێوەندییێکی باشیان نەبوو، هەر یەکەیان دژی ئەوی دیکەیان بوو، تەڵەیان بۆ یەکتری دادەنا، دژی یەکتری پیلانیان دەگێڕا.[٢٨] ***(ئایا بەهەمان شێوە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک بەسەر چەند تەکەتولێکی جۆراوجۆردا دابەش نەبوون؟ ئایا خۆبەخۆیی زۆر یەکتریان خۆشدەوێت؟ ئایا بەردەوام لەیەکتری لەسەنگەردانین و چاڵ بۆ یەکتری هەڵناکەنن؟ بەردەوام لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکاندا راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ قسە بەیەکتری ناڵێن؟)*** لەبەر ئەوهۆیانە هەمووی، پارتی سەرکردەی راستەقینەی شۆڕش نەبوو، بەڵکو یاریدەدەری دەزگەی بارزانی بوو، و زۆرجاریش یاریدەدەرێکی بێ کەلك بوو، ئەمە یەك لەو هۆکارە سەرەکیانەی نەمانی شۆڕش و هاتنە پێشەوەی هەرەس بوو.[٢٩] ***(ئایا پێتان وانیە ئەگەر بارودۆخ وابڕوات ی.ن.ک یش سەرکردایەتی***

---

[٢٧] جەلال دەباغ: هۆیەکانی داڕمان و پەند و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٢)، سالی ١٩٨٧، لەندەن، ل٤٨؛ پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی):ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥

[٢٨] حسین محمد عزیز: خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا، ل ٧١

[٢٩] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥

***راستە قینەی شۆڕش لەدەست دەدات؟ تەنها وەك حزبێکی مێژوویی و وەك کولتورێك دەمێنێتەوە؟).***

خۆ پەروەردەی شۆڕشگێڕانە کە لە نێو پارتیدا پێشیڵ کرابوو، ***(ئایا پێتان وایە لەنێو ی.ن.ك دا پەروەردەی شۆڕشگێڕانە ماوەو پێشێل نەکراوە؟)*** ئەگەر لەشۆڕشی ئەیلولدا پەیڕەو بکرایە لەزۆر روەوە رێگای لەوە ئەگرت کە بزوتنەوەکە وا بەجارێك بکەوێتە باوەشی دوژمنەوە- ئێران و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، ئەمەش مەسەلەی هەرەس هێنانی شۆڕشی بەجۆرێکی تر ئەگۆڕی، راستە شۆڕش توانی جەماوەر بەلای خۆیدا راکێشێ و هەزاران رۆشنبیر کێش بکاتە نێو ریزەکانی پارتی و دەزگاکانی شۆڕشەوە. بەلام ئەم هاتنەناوە تەنها چەندایەتیەکەی رەچاوئەکرا نەوەك چۆنایەتیەکەی. ***(ئایا ی.ن.ك کە بەناو سەدان هەزار ئەندامی هەیە، بەلام ئاخۆ ئەو ئەندامانەی چەندیان فیعلین و تا چەندیش گرنگی بە چۆنایەتیان دراوە؟ ئایا لەخۆمان پرسیوە ئەوانەی لەگەلمانن چەندیان مەبدەئین و چەندیشیان لەپێناوی بەرژەوەندی و ئیمتیازات خۆیان بە یەکێتیەوە هەلواسیوە؟ )*** لەشۆڕشی ئەیلولدا هیچ پلانێك دانەئەنرا بۆ نوێ کردنەوەی دەزگاکانی پارتی و شۆڕش و چەسپاندنی ئەندامانی رۆشنبیرو خاوەن توانا لەجێگەی ئەندامە هەلپەرست و دواکەوتووەکان. ***(ئایا تاچەند ی.ن.ك پلانی داناوە بۆ نوێ کردنەوەی دام و دەزگاکانی؟ تا چەند کەسانی شیاوی لەشوێنی شیا داناوە؟ تا چەند ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەسانی هەلپەرست و ماستاو چیان پشتگوێ خستووەو کەسانی دلسۆزو رۆشنبیریان لەخۆیان نزیك کردۆتەوە؟)*** بەلکو ئەوجۆرە کەسانە هەر لەشوێنی خۆیان

مانـەوەو هـەوڵیان ئـەدا کـە ڕێگـە لەپێشـکەوتن‌و بـەرەو پێشەوەچـوون بگرن(***ئایا لەنێو ی.ن.ك یشدا بەهەمان شێوەیە نییە؟***). بۆیە پارتی هەر بەو شێوەیە مایەوە وەبەهیچ جۆرێك بەکردەوە سەرکردایەتی شۆڕشی نەکرد.[٣٠] (***ئەگەر وابڕوات ی.ن.ك یش بەکردەوە جڵەوی شۆڕش‌و دەسەلاتی لەدەست دەرناچێت؟***) بۆ نمونە: ئەگەر پلان هەبووایە لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا چـونە دەرەوە وا بەلێشـاو و بـە بـەرەللایی نەئـەبوو، ئەوەندە کەس ئەچوونە دەرەوە کە بزوتنەوەکە پێویستی پێ بوایە.[٣١] (***ئایا ئەگەر ی.ن.ك پلانی هەبووایە ئەوەندە کادیرەی لە دام‌و دەزگاو مەکتـەب‌و مەڵبەنـدو کۆمیتـەکانی دادەنـا کـە پێویسـتی پێیانـەو کـار هەڵدەسوڕێنن، یان وەك ئێستا کە بارەگاکانی دیوەخان ئاسان؟***)، ئەوەتا مەسـعود بـارزانی سـەبارەت بـە سـەردەمی شۆڕشـی ئـەیلول دەڵێت:"هـەموومان تووشـی لـەخۆبایی بوون بـوو بـوین، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ گیـانی شۆڕشـگێڕیمان لـە دەسـت دەدا. لـەجیاتی ئـەوەی سـود لەوسـەرکەوتنە وەربگـرین و ڕێکخسـتنی پـارتی بچەسـپێنین لـە نـاو جەماوەر، دەرگای بەرەللایی و فەوزا کرایەوە و شتی ئەساسی کەبۆ هـەر شۆڕشێك پێویستە لەبیر چوو".[٣٢] (***ئایا ئێمەش توشی لەخۆبایی بوون نە بووین؟ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتمان هەیە حیساب بۆ هیچ دەکەین؟ ڕۆژ***

---

[٣٠] هەمان سەرچاوە، ل٦٤

[٣١] هەڵبژاردەیـەك لەنوسـینەکانی شـەهید ئـارام، ب١، لـەبلاوکراوەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ١٩٨٠، ل١٩

(٣٢) مسـعود بـارزانی: التقریرالسیاسـی والقـرارات السیاسـیة والـبلاغ الختامیللمؤتمر التاسع، ل٣.

***لەدوای رۆژگیانی شۆڕشگێڕیمان لەدەست نادەین؟ لەجیاتی ئەوەی سود لەو دەرفەتە وەربگرین کە هەرگیز لەمێژوودا کورد وای بۆ نەلوواوە، رێکخستنەکانی ی.ن.ك بچەسپێنین لەناو جەماوەردا، دەرگای فەوزاو بەرەڵلاییمان نەکردۆتەوە؟ هەرچی شتێکی ئەساسی هەیە بۆ ی.ن.ك لەبیرمان نەچووە؟).***

لە ئازاری ١٩٧٤دا دەیان هەزار کەس چونە ریزی شۆڕشەکەوە. دەزگای پاراستن هانی خەڵکیان ئەدا شارەکان بەجێ بهێڵن. بەعس رێگای لێ نەئەگرتن. لای وابوو لێشاوی خەڵك ئەبێ بەبارێکی قورس بەسەر بزوتنەوەکەوەو ئەویش هەندێکی دەرکرد.(٣٣) هەرخۆیان لەسەرەتای شەڕەکەوە گشت کادرانی هەرێم و ناوچەو رێکخراوەکانی (لاوان، قوتابیان، ژنان) یان کێشایە دەرەوە بۆ ناوچەکانی سنوری دەسەلاتیان و کارێکی ئەوتۆیان رەخساند گشت پسپۆرانی زانیاری و تەکنەلۆجی و خوێندکاران دوای ئەوان بکەون. گشت ئەوانەیان لە باڵەك (دۆڵی چۆمان) کۆکردەوەو زۆربەی زۆری ئەو کادیرانە بێ کاربوون و لەتوانادا نەبوو بەر پرسیاری گونجاو لەگەڵ تواناياندا بەوانە بسپێرن. زۆری تریشیان بەسەر دەزگاکاندا سەپاند. بەو جۆرە توانای کاری شۆڕشگێڕانەو نهێنی یان لەشارەکاندا کەم کردەوە، (٣٤) بردنەوە دەرەوەی دەیان هەزار کوردی هەموو توێژێکی گەل لەشارەکان و چونیان

(٣٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن چاپی سێیەم، ١٩٩٨، سلێمانی، ل ١١٢

(٣٤) ژیدار چالیاند: گەلێکی پەژموردە...، ل ٣٢٣؛ ئۆرخانی غالب: هەرەسی شۆڕشی ئەیلول... ل٢١

بۆ نێو شۆڕش بە جۆرەها ڕێگا مسۆگەر کرد. بەبێ ئەوەی شۆڕش جێی ئەوانەی تێدا ببێتەوەو بتوانێ وەکو پێویست گوزەرانیان دابین بکات. لەم بارەیەوە (سامی عەبدولرەحمان) دەڵێت: "دەزگاکانمان توانای بەڕێوەبردن وسازدانی ئەو بەهرە تازانەی بەشی زۆری ئەوخەڵکەی نەبوو کە تازە هاتبوونە نێو شۆڕشەوە".[٣٥] ***(ئایا دەزگاکانی ی.ن.ك توانای بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئەو هەموو بەناو کادیرەی هەیە؟ چ لەڕووی ئیمکانیاتی ماددییەوە یاخود پەروەردەکردنیان بەم پەلە پروزێیە کارێکی گونجاو و تەندروستە؟)***، هەروەها دەزگای پاراستن هانی ئەوانەی دا بچنە ئێران و پەنا بەر ئەم ولاتە ببەن. بەبێ ئەوەی زۆربەی کات پێویست بکات.[٣٦] ئەمە نەك هەر هەڵەیەك بوو، بەڵکو گوناهێك بوو دەرهەق بەم گەلەکراو هۆکارێکی سەرگەردانی بوو. ئەو هەڵئاوسانە گەورەو خێرایەی شۆڕش بووە مایەی بێ هێزبوونی و بارێکی قورس لە وزەی شۆڕش بەدەربوو. بێگومان ئەوە یەکێك بوو لەهۆکارە سەرەکیەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول.

فەسادی ماڵی و ئیداری لەناو دەزگاکانی حزبی (پدك) و پێشمەرگەدا پەرەی سەندبوو، ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا دەزگایەك شك دەبەن فەسادی و گەندەڵی ماڵی و ئیداری تێدا نەبێت؟)***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا

---

[٣٥] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٦٥

[٣٦] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوش و... ل١٣؛ جەلال دەباغ: هۆیەکانی داڕمان و پەند وتاقی کردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٢)، ساڵی١٩٨٧، لەندەن، ل٤٨

واسیتەو خزمایەتی نەك توانا و لێ وەشاوەیی، گرنگترین پێوانەی دامەزراندن بوون لەدائیرەکاندا. ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا واستەو خزمایەتی نیە؟ هەر بەرپرسێك تا کوڕو براو خزمو دۆستێکی خۆی وەستابێ ئامادەیە کادیرێکی لێهاتوو لە پۆستێکدا دابنێت؟ ئەگەر ئەو کادیرە دە بەقەد کەسەکەی خۆیشی لێهاتوو بێت؟ ئایا پێوانەی دانانی وەزیرو مدیر عامو مدیر دائیرکان چین ئێستا؟)*** لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بازرگانی قاچاخ لەگەڵ ئێران بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگی دەوڵەمەندبوونی کاربەدەستەکانی پێشمەرگە.[37] ***(ئایا زۆربەی بەپرسەکانی ئێستا بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێرەوە بازرگانی ناکەنو لەڕادەبەدەر دەوڵەمەند نەبوون؟ یاخود بە شێوەیەکی تر ئەگەر هەموو بازرگانەکان بەرپرسیش نەبن ئەوا بەرپرسێکیان لەپشتەوە نییە؟)***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئەوکەسانەی کەدەست پاك نەبوون هیچ لێ یان نەدەپرسرایەوە و لەدام و دەزگای بارزانیش نەبوایە لەکەسی ترنەدەترسان. ***(ئەی ئەو کەسانەی لەنێو ی.ن.ك دا دەستپاك نینو بەنوێژی نیوەڕۆ دزی دەکەن کەی لێیان پرسراوەتەوەو کێ لێی پرسیونەتەوە؟)***، ئەنجام ئەوەبوو شۆڕشی ئەیلول لەو دەستکەوتە گرنگانە بێبەش بوو، بەرەللایی ودزی وخراپەکاری زۆر پەرەی سەندبوو، کە ئەمەش کارێکی زۆرخراپی کردبووە سەر ناوبانگی شۆڕش. ***(ئایاهەموو ئەمانە کاری زۆر خراپیان نەکردۆتە سەر ناوبانگی ی.ن.ك؟)***، لەو سەردەمەدا هەتا گیانی خۆبەخت کردنیش لەناو

---

[37] ا. کاوە:قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ل٨٢؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١١١

پێشمەرگەدا بیٚ هێز ببوو. ***(ئایا پێتان وانییە کە ئەمانە لەناو ی.ن.ک دا وایان کردووە خوانەخواستە ئەگەر بارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر بگۆڕیٚ‌و شەڕ ببێتەوە پێشمەرگە ئەو پێشمەرگەیەی جاران نابێت؟)***، تەنانەت ئەمانە پالی بەسەرکردایەتیەوەنا کە ڕووبکاتە یارمەتی دەرەوەو لەدواییشدا بەئێجگاری پشتی بەشای ئیران بەست لەبارەی بەخێوکردنی ئەندامانی ناو ریزی شۆڕش. [۳۸] کێشانەو تەرازوی هەڵسەنگاندنی پیاوی شۆڕشگێڕو ناشۆڕشگێڕ هاتبوە سەر ئەوەی کە کیٚ شەڕکەرە؟ کیٚ مل کەچی فەرمانی بارزانی یە؟ ***(ئەی ئێستا پێوانە بۆ کادیری باش‌و لێهاتوو لەنێو ی.ن.ک دا چییە؟ دلسۆزییە یان ئەوەیە کە کیٚ ملکەچی فلان‌و فیسار بەرپرسی بالادەستە؟)***، کیٚ بۆڵەو خوتەی نییە؟ ***(کامە کادیر سەری خۆی کز کردووە و قسەناکات‌و رەخنە ناگرێت؟)***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا کار گەیشتبوە ئەو رادەیەی کە بۆچوون‌و بیروڕای زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیش بڕی نەدەکردو کەس گویٚی لیٚ نەدەگرتن. [۳۹] ***(ئایا بیروڕای ئەندامانی سەرکردایەتی ی.ن.ک بڕ دەکات؟)***، سیاسەتی رازی کردن و بەرەللایی و سزانەدان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و داکەوتنی چەند مەرکەزێکی بەهێزو توانا لەجێگەی ئەوان سیمایەکی دیاری شۆڕشی ئەیلول بوون، ***(ئایا لەنێو ی.ن.ک دا سیاسەتی رازیکردن‌و بەرەللایی نیە؟ ئایا***

---

[۳۸] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی):ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل۲۹

[۳۹] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول، چاپی سیٚیەم, ۱۹۹۹, سلێمانی,ل۳۸۷-۳۸۸

***سەرکردایەتی بەکۆمەڵ هەیە؟ چەند مەرکەزو قوتبێکی بەهێز شوێنی نەگرتوونەتــەوە؟)***، بڵاوبوونــەوەی بیرۆکراتیــەت و زۆربــوونی ناوچــەی دەســەڵات ببـو بەشـتێکی بـاو لـە نێـو پارتیـدا.[٤٠] ***(ئایا بۆ راپەڕاندنی ئـیش و کـار لـەنێو ی.ن.ك دا بیرۆکراتیـەت پـەرەی نەسـەندووە؟ ئایا زۆربـەی لێپرسـراوە بـاڵاو دیارەکـان هەریەکـەو بـەناو دوو سـێ پلـەو پۆستیان نیە ئەگـەر زیاتریش نـەبێت؟)***، ئـەوەتا "جـرجیس فـتح اللـه " سـەبارەت بـە لێپرسـراوانی ئـەو رۆژگـارەی (پـدك) دەڵێـت :" چ گاڵتـە بازاڕێ بوو، هەمووی هەر گەمەکردن بوو، شتێ نـەبوو ناوی مـافی گـەل و پـارتی بووبـێ. هــەرگیز شــتی وانــەبوو. نــەدەنگی هــەبوو نــەڕەنگی هەبوو....".[٤١] ***(؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟)***.

لەگـەڵ ئەمانەشـدا، بەشـی پاراسـتن رۆڵـی خراپـی دەگێـڕاو پەنجـەی ژەهــراوی بـۆ نـاو هــەموو دەزگــاو بارەگــاو رێکخراوەکــان و هێزەکــانی پێشمەرگەو تەنانەت بۆ زۆربەی ناو ماڵەکانیش درێـژ کردبوو. بـوو بـووە بەمۆتەکـەی سـەر سـنگی هـەموو کـەس. کـەس نەیـدەتوانی هەناسـەیەك بەئاشــکرا هەڵکێشــێ و لەگــەڵیا دوو بــیرو بۆچــونی دڵســۆزانەو شۆڕشــگێڕانەو سیاســیانە دەرببڕێــت. هــەر کەســێکیش بەخۆیــدا رابپەرموایـە رەخنەیـەك یـا بۆچـونێکی خـۆی دەرببڕیایـە، لـەکورتترین مـاوەدا بـەراپۆرتی پاراسـتن لەبەندیخانـەکانی شـۆڕش تونـد دەکـرا، یـان دوور دەخرایەوە بۆ ئێران. یا لـە بارەگاکانـدا دەسـت بەسـەر دەکـرا. ئـەو

---

[٤٠] پــارتی دیمــوکراتی کوردستان(ســەرکردایەتی کاتی):رێبــازی بزوتنــەوەی رزگاریخوازیکورد، ل٦٥

[٤١] حسین محمد عزیز: خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا، ل٥٣

ڕەفتارو کردەوە ناشۆڕگێڕانەی پاراستن دەرگای لەسەر هەموو بیرو بوچونێکی بەسود بۆ شۆڕش و کورد داخستبوو.[٤٢] ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك یشدا ئەمڕۆ هەر کادیرێکی دلسۆزی بێ پشت و پەنا رەخنەیەك بگرێت یان بیروڕایەکی جوانی هەبێ لەسەری نانوسرێت و جۆرەها ناوو ناتۆرەی لێ نانرێت و سەرزەنشت ناکرێت؟)***، پاراستن ببوو بەپارتیەك لەناو پارتیداو ناکۆکی و بەیەکداچوون دەستی پێکردبوو لەنێوان ئەم دام و دەزگایەو هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی بەبێ پسانەوە. ***(ئایا ئێستا لەنێو ی.ن.ك دا ڕێکخستنێکی تر، حزبێکی تر لەنێو حزبدا دروست نەکراوەو باری ڕێکخستنەکانیشی نەشلەژاندووە؟)***، بێگومان کارێکی ناشەرعی وەها هەرئەبێ ئەوە ئەنجامەکەی بێت. بەتایبەتی کەئەندامانی پاراستن هەموو دەسەلاتێکی خۆیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆلە دام و دەزگاکە وەرئەگرت.[٤٣]

---

[٤٢] ابراهیم جلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول.. ل ٣٨٧

[٤٣] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٥

## ٢-هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان

پێویست بوو شۆڕشی ئەیلول، وەك شۆڕشی گەلێکی ژێردەستە کراو لەهەموو هەڵو مەرجێکدا بەپێی توانا بۆ بەدیهێنانی قوڵترین ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ماف و بەرژوەندە رەواکانی چینە زەحمەتکێشەکان و دانانی ئاواتەکانی ئەم جەماوەرە رەنجدەرە تێبکۆشایە. گرنگی دان بەم لایەنە کۆمەڵایەتیە پێویست و ناچاری بوو بۆ شۆڕش، چونکە جەماوەری زەحمەتکێش بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەو دواتریش بڕبڕەی پشتی شۆڕشی پێکهێنا، بەڵام سەرکردایەتی تا رادەیەکی زۆر ئەم لایەنە کۆمەڵایەتیەی فەرامۆش کرد. بەجۆرێ وای لێهات شۆڕشیش پێ بەپێ و وردە وردە ناوەرۆکە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی و پاڵپشتی پێویستی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵی لەدەست دەدا. ***(ئایا بەپێی هەمان پێودانگ هەست ناکەن ی.ن.ك پاڵپشتی جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی لەدەستداوە؟ ئایا ئەگەر هەڵبژاردنێك لەکوردستاندا بکرێتەوە پێتان وایە حیزبی پلە چەندین؟).***

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەبەر پشتگوێ خستنی ئەم مەسەلەیە بواری نەدا ریفۆرمی کۆمەڵایەتی قوڵ لە کوردستاندا بکرێ. ***(ئایا تاچەند هەوڵمانداوە ریفۆرمی کۆمەلایەتی بکەین لە کوردستاندا؟ هیچ نا لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ی.ن.ك دا؟)***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا هەنگاو نانی لێبڕاوانەو بنەڕەتیانە لە لادێکانی کوردستاندا زۆر پێویست بوو ***(ئایا ئێمە تا چەند گرنگیمان بە لادێکانی کوردستان***

***داوەو ئاوەدانمان کردوونەتەوە؟ بەدەنگیانەوە چوین و خزمەتگوزاریمان پێشکەش کردوون؟***). جێبەجێ کردنی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و کێشەی زەوی و زار دەبوایە یەکێك لەکارە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول بووایە. بەڵام سەرکردایەتی بایەخی بە جێبەجێکردنی تەواوەتی و راستەقینەی ئەم یاسایە نەدەدا کە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ کۆمەڵی کوردەواری.(٤٤) ***(تاچەند گرنگیمان بە جوتیاران داوەو کەرتی کشتوکالیمان ژیاندۆتەوە؟ ئایا ئەو میوەو سەوزەو ماست و پەنیرو دۆیەی لەبازاڕەکاندا هەیە چەندی بەرهەمی خۆماڵین؟)***، شۆڕشی ئەیلول هیچ هەڵبژاردنێکی بۆئەنجومەنی دێهاتەکان نەکرد، بەڵکو کوێخاو پیاوەکۆنەکان هەروەکوجاران دەسەلاتی خۆیان مابووەوە. لەکاتێکدا ئەگەرهەلبژاردن لەرێگای پشت بەستن بەچینە رەنجدەرەکانەوەبکرایە، ئەوە باشترین نمونەی دیموکراتیەتی نیشان ئەدا، هەروەها دەسەلاتی ئەو چینە چەوسێنراوانەش کەبارگرانی شۆڕشیان لەسەر شان بوو بەهێزتر و فراوانتر دەبوون.(٤٥) ***(ئایا تاچەند ی.ن.ك پشتی کردۆتە کوێخاو دەرەبەگەکان و هەوڵی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێلایەتی و عەشایەری داوە؟ یان سەنتەرو بنکەو دیوەخانی بۆ ئاغاکان گەرم کردووە؟)***.

هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی بەم شێوەیە بوو، ئەویش بۆ رازیکردنی هەندێ موڵکدارو ئەو لێپرسراوە سەربازیانەی کە شوێنی

---

(٤٤) ا. کاوة:قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ل٨٢

(٤٥) پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٩

دەكـــەوتن‌و زەوی و زاری فراوانیـــان هـــەبوو. ئـــەو گوندانـــەی كـــە خاوەنـەكانیان بەشـداری شۆڕشـیان كردبـوو دەسـتیان لێ نـەدرا. ئەگـەر كادرەكـانی پـارتیش ویستبایان بـۆ جێبـەجێكردنی چارەسـەری زەوی هەنگاوێك بنێن، دەرەبەگەكانی نێـو شـۆڕش نەیاندەهێشت. ئەمـەش بوە هـۆی ئـەوەی چـینی جوتیـار، كـە جـەماوەری بنچـینەیی شۆڕشـی پێـك دەهێنــا، ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ بــڕوای بەشــۆڕش نــەمێنێ‌و ئامــادە نــەبێ لەپێناویـدا قوربـانی بـدات.[٤٦] هـەروەها نـەتوانرا ئـەم جـەماوەرە بەرینـە بەقازانجی شۆڕش سازو تەیار بكرێ‌و جۆش بدرێ. ئەم دیاردەیـە زیـانی لەشۆڕشـداو مۆركـە ڕزگاریخوازانەكەیشـی كـاڵ كـردەوەو بـوو بـەخاڵی لاوازبوونی.[٤٧] ***(ئایا پێتان وانیە ی.ن.ك لەم ڕووەوە خاڵی لاوازی هەیە؟ ئایـا پێتـان وایـە ئـەو خەڵكـەی پێشـتر قوربـانی بـۆ ئـەدان ئێسـتاش ئامادەیە؟ ئایا ئەو جەماوەرەی بەشداری هەڵبژاردنەكانی ئەكردو دەنگی بۆ ئەدان ئێستاش ئامادەیە؟)***.

سـەبارەت بـە بەرنامــەی پــەروەردەو فێركــردنیش وەك پێویســت هـەنگاوی بـۆ هەڵنـەنرا، هـەر چـەندە لەسـەرەتای هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ بەهۆی ڕاكردنی هەندێك مامۆستای قوتابخانەكان‌و زانكۆی سلێمانی بۆ مەڵبەندی شۆڕش، هەندێ هەوڵی بچوك درا بۆ دامەزراندنی خوێندنگەو

---

[٤٦] عزیـز محمـد: تقریـر ل. م للحـزب الشـیوعي العراقـي فـی المـؤتمر الثالـث للحـزب، طریــق الشــعب، ١٩٧٦/٤/٩؛ جــەلال دەبــاغ: هۆیــەكانی داڕمــان و پەنــد و تــاقی كردنەوەكانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، ژ (٢)، ساڵی١٩٨٧، لەندەن، ل٤٨

[٤٧] پــارتی دیمــوكراتی كوردســتان (كۆمیتــەی ئامــادەكردن): هەڵســەنگاندنی ڕەوش‌و... ل١٨

تەنانەت زانكۆیش، بەڵام دوای دەست پێكردنی بۆردومانی حكومەتی عێراق و بەتایبەت بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ ئەم هەوڵەش نەماو بەرەو كزی چوو. نەخوێندەواری و بێ قوتابخانەیی باڵی بەسەر كوردستاندا كێشابوو. زۆربەی مامۆستاكان چون بۆ ئۆردوگاكانی ئاوارەكان لەئێران. بەدەگمەن هەندێك لەگوندەكانی كوردستان خوێندنگەیان هەبوو.[٤٨] ***(ئایا ئێستا لە بەرنامەی پەروەردەو فێركرن رازین؟ ئایا گونجاوە لەژێر دەسەلاتی ی.ن.ك و لەسایەی ئەودا دوو زانكۆی وەك سلێمانی و كۆیە بەم شێوەیە بڕۆن بەڕێوە؟ ئایا ئێوە ئاگاداری ئاستی زانستی ئەم زانكۆیانە هەن؟ ئایا لەو سیستەمە ئیدارییە سەقەتەی ئەو زانكۆیانە رازین؟ ئایا ئاگاداری ئەو هەموو گەندەلیەی نێو زانكۆكان هەن؟ ئایا ئاگادارن لەوەی كە لەرووی سیاسیەوە لەم شوێنانەدا وەزعمان چۆنە؟ ئایا دەزانن یەكێك لەو ناوەندانەی كە رێكخستنمان تیایدا زۆر لاوازە زانكۆكانن؟ ئێمە كە خۆمان پێ حیزبێكی مۆدێرنەو كەسانی ترمان پێ عەشایەرە، بەڵام ئاخۆ ئاگادارن ئەگەر لەنێو زانكۆكاندا كە بەرزترین ناوەندی زانستییە هەڵبژاردنێكی ئازاد بكرێت ئەیدۆڕێنین؟ئایا پرسیارتان لەوە كردووە كە ئاخۆ لەبەرچی سالانە لەكاتی خوێندندا بەردەوام خۆپیشاندان و نارەزایی خوێندكاران هەیە؟ ئایا دیراسەی ئەوەتان كردووە ئاخۆ خەتای خودی خوێندكارەكانە كە بەتران بوون؟ یاخود بێدەسەلاتی و لاوازی ئیدارەی زانكۆو پەیمانگاكان؟ ئایا پرسیوتانە بۆچی ماوەی***

---

[٤٨] سەرهەڵدان و تێكشكانی شۆڕشی ئەیلول لەكوردستانی عیراق، لەبلاوكراوەكانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، ل٣٢

***(١٠)ساڵ دەبێت بۆچی زانکۆی سلێمانی نەیتوانیوە کۆنگرەیەکی زانستی ببەستێت؟ پرسیارتان لەوە کردووە کوا گۆڤارە بەناو زانستیەکەی زانکۆی سلێمانی؟ ئایا کەستان بینیوتانە؟ لەگەل هەر کامەتان باسی زانکۆی سلێمانی بکەیت لە سەرۆکی زانکۆ رازی نینو زۆربەی هەرە زۆرتان گلەییتان هەیە لێی، بەلام ئەگەر وایە بۆچی نایگۆڕن؟ بۆچی دەبێ هەریەکەتان پالێوراوێکتان هەبێتو لەسەر کەس ساغ نەبنەوە؟ ئایا ئاگاداری رەوشی پەروەردەیی هەن لەکوردستاندا چۆن دەگوزەرێت لەکاتێکدا وەزیرەکەیشی بەناو یەکێتییە؟)***.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بارودۆخی تەندروستی و لەشساغی لەکوردستاندا لەوەش خراپتر بوو، لەناوچەیەکی پانو بەریندا تەنیا برین پێچێکیان بۆ دادەنا کە چارەسەری خەڵکی دەکرد. هەر چەندە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ ژمارەیەکی زۆر دکتۆر چونە ریزی شۆڕشەوە، بەڵام ئەوانیش وەکو مامۆستاکان زۆربەی هەرە زۆریان چونە ئێرانو بەشێکی کەمیان لە کوردستاندا مانەوە.[٤٩] ***(ئایا ئاگاداری باری ساغلەمی هەن لەکوردستاندا؟ ئایا ئاگاداری بارودۆخی نەخۆشخانەکان هەن؟ هەرگیز سەرتان کردووە بە عەیادەو دەرمانخانەکاندا بزانن ئاخۆ ئەم خەڵکە لەچ رەوشێکدان؟ ئاگاداری ئەوەن ئەو هەموو دەرمانە ئێکسپایەرەی بازرگانە لێپرسراوەکان دەیهێنن بۆ وڵات؟ لەجیاتی چارەسەرو عیلاج نەخۆشی زیاتری لێ بڵاو دەبێتەوە؟ لەکاتێکدا وەزیرەکەیشی یەکێتییە؟)***.

[٤٩] سەرهەڵدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، ل٣٢

لەماوەی چوار ساڵی راگرتنی شەڕیشدا (١٩٧٠-١٩٧٤) کارێکی ئەوتۆ بۆ دروست کردنی رێگەو بان نەکراو زۆربەی ئەو پارەیەش کە حکومەت بۆ ئەو کارەی تەرخان کردبوو، دەچوە گیرفانی بەڵێندەرەکانەوە، لەکاتێکدا بەڵێندەرەکانیش لە لێپرسراوە گەورەکانی شۆڕش پێك هاتبوون،[٥٠] ***(ئایا بەرپرسەکانی ی.ن.ك مقاول نین؟ ئایا زۆربەی کۆمپانیا بالادەستەکان هی لێپرسراوە بالاکان نین؟ ئایا تەندەرەکان هەر بۆخۆیان نیە؟ بۆچی کەم لە پرۆژەکان لەلایەن کاکی مەسئولەوە بەبێ تەندەر بە خزمو دۆستو ئازیزانیان درا؟ بۆچی کەم پرۆژە سەقەت کران؟ بۆچی کەم رێگەو بان، پرد، تونێل، خوێندنگە، مزگەوتو ئاوەڕۆ و ...هتد بەنیوەچڵی بەجێهێڵرانو تەواو نەکران بەلام کەس لێی نەپێچانەوە؟).*** دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕیش سالی ١٩٧٤ هەرچەندە ئیدارەیەك بەناوی ئیشغال دامەزرابوو، بەلام بۆ دروست کردنی رێگەو بانو هەروەها خانوو و بەرەش هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنرا. لەدروستکردنی جۆگەو بان کە هەر هیچ نەبوو.[٥١] ***(ئایا رێگەو بانەکانی سنوری دەسەلاتی ی.ن.ك زۆر رێكو پێكو بێ چاڵو چۆڵو تاسەن؟ ئایا کەستان بەسەر ئەو رێگایانەدا هاتوچۆناکەن لەهیچی ناپێچنەوە؟ بۆ ناپرسن پرۆژەی چاککردنو قیرکردنەوەی هەر رێگەیەك بۆ دەبێ یەك دوو ساڵ بخایەنێ ئەگەر زیاتریش نەبێت؟ کێ لەبیریەتی لەکەیەوە خەریکی رێگەی دوو سایدی سلێمانی-دووکانن؟ ئەی تونێلەکەی***

[٥٠] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٣، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ل٢٠-٢١

[٥١] سەرهەڵدان و تێکشکانی‌شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، ل٣٣

***ئەزمڕ؟ ئەی تونێلەکەی هەیبەت سولتان؟ ئەی ڕێگەی عەربەت – سلێمانیو...هتد.)***

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا پێوەندیەکانی نێوان حزبیش لەسەر بنچینەی خێلەکی دامەزرابوون لەجیاتی ئەوەی پرەنسیپە حزبییەکانو دەزگا دیموکراتیەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن، ***(ئایا زۆربەی پێوەندییەکانی نێو ی.ن.ك لەسەر چ بنچینەیەك دامەزراوە؟ ئایا دەزگاو ڕێکخراوە دیموکراتیەکان چ ڕۆلێکیان بینیوە لەدەرەوەی حیزبداو بە ڕۆلی خۆیان هەلساون؟ ئایا ئەو ڕێکخراوە بەناو دیموکراتیانە جگە لە ئەندامانی ی.ن.ك کەسی تر کاریان تیادا دەکات؟ بۆچی لەخۆتان نەپرسیوە کە ئێوە (جگە لە کەسی پێوەندیدار کە سەرپەرشتیان دەکات) چ هەقێکتان بەسەر ئەو ڕێکخراوە دیموکراتیانەوە هەیە؟ هەمووتان دەبێ پشکتان هەبێ تیایاندا؟ واز لەدەست تێوەردانی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، لاوان، ئەندازیاران، مافپەروەران، ژنانو پارێزەرانو تەنانەت ئەگەر بلوێ لە نابینایانو کورتە بالاکانیش ناهێنن؟ ئاخۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یا سەرکردایەتی دەبێ چی پێویستییەکی بەوە هەبێ کە پیاوێکی دەستنێژی خۆی لەنێو هەریەك لەو ڕێکخراوانەدا هەبێت؟ ڕێکخراوێ لەسەر ئەم بنچینەیەو لەو کێشمەکێشەدا بژیت دەبێ سەنگو قورسایی لەنێو جەماوەردا چی بێت؟ و چ ئاگاداری کاری جەماوەری بێت؟ ئاخۆ کێشەو ململانێو تەکەتولاتە ناوخۆییەکانی ئەم ڕێکخراوانە، دەستخستنە کاروباریان، دەرکردنیان، سەپاندن بەسەریاندا، نەسریە بڕینیان... دەبێ بواری کاری جەماوەری بۆ هێشتبنەوە؟ )***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا عەقلیەتی خێلەکی و کۆنەپەرستانە پێوەندیەکانی

دیاری دەکرد. پێوەندی نێوان سەرکردایەتی و گەل لەڕێگای چەند کەسێکەوە بوو، بۆ نمونە خێڵ لەڕێگای سەرۆکەکەیەوەو ناوچەیەك لەڕێگای تاکە لێپرسراوێکی خۆیەوە کە دەبوو بەرپرسی هەموو دانیشتوانی ناوچەکەو رای ئەو نەك رای گەل یا رێکخستنەکانی پارتی یا پێشمەرگە بەکردەوە لەبەرچاو دەگیرا. ***(ئایا پێوەندی نێوان سەرکردایەتی ی.ن.ك و خەلك لەرێگەی بەرپرسەکانی رێکخستنەوەیە یاخود لەڕێگەی بەناو چەند کەسایەتی و پیاوماقول و شێخ و...هتد؟ ئایا خەتاکە لە بەرپرسی ئۆرگانە حیزبیەکانە کەموکوڕییان هەیە یان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەست دەخەنە کاروبارەکانیانەوە؟ )***، بەم شێوەیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئەو لێپرسراوە دەسەلاتێکی رەهای لەناوچەکەدا دەبوو سەرکردایەتی هەموو دەسەڵاتێکی پێ دەبەخشی، ئەم کارەو رەفتاری چەوتی ئەو بەرپرسیارانە لەزۆربەی کاتدا لەمپەری زیاتریان لەناو سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش و گەلدا دروست دەکردو متمانەی گەلیان بەم سەرکردایەتیە لەلایەن گەلەوە دادەماڵی،[٥٢] هەروەها کۆنترۆڵی تەواوی شۆڕش لەلایەن سەرکردایەتی بارزانیەوە گەلێك دوژمنی خێڵەکی بۆ دروست کرد کە لەریزی هێزەکانی حکومەتدا بەچەك شەڕیان لەدژی دەکرد، مەبەست لەو خێڵە کوردانەیە کە بەتایبەتی لەناوچەی بادینان و ناوچەکانی دەوروبەری بارزان دا ناکۆکی کۆنی خێڵەکیان لەگەڵ خێڵی بارزاندا هەبوو، ئەم خێڵانە ئەو هێزە غەیرە نیزامیە بنچینەییەیان پێکهێنا کە چەکی حکومەتیان دژی

---

[٥٢] پارتی دیموکراتی کوردستان ( کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوش و... ل١٣

شـــۆڕش هەڵــدەگرت و بــەپێی بەرژەوەنــدی خێلەکــەیان هەڵوێســتیان دیاردەکردو وایان دانابوو شۆڕشی کورد لەژێر دەستی بارزانیەکاندایـەو مانـەوە لـەو ناوچـانەدا یـا هاوکـاری کردنیـان، واتـە ملکـەچ بـوون بـۆ دەسـەڵاتی خێڵـی بـارزان. ئـەو کـارە کـە هەمیشـە لەبـەر هـۆی خێلـەکی رەتیـان دەکـردەوە. سـەرکردایەتی پـارتی بەکـردەوە نەکەوتـە دۆزینـەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم گیروگرفتە کەزیانێکی زۆری لەشۆڕشدا. بەتایبـەتی کـە فەرمانـدەی هێزەکـان لەناوچـەکانی ئـەم خێڵانـەدا بەدرێـژایی سـاڵانی شـۆڕش بـارزانی بـوون.[٥٣] ***(ئایـا پێتـان وانیـە بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ئەمەش لە دەڤەری ی.ن.ك دا سەرهەڵبداتەوە؟).***

لەلایـەکی تـرەوە جیاوازیـەکی چینایەتی زۆر لـەنێوان بەرپرسـەکانی شـۆڕش و خـەڵکی ئاسـایی دروسـت بووبـوو، فەرمانبـەرە مەدەنیـەکان و ســـەرکردە زلـــەکانی لەشـــکر لەخۆشـــگوزەرانی و رابواردنـــدابوون و خێزانـەکانیان لـەئێران زۆر لـەجارانیان خۆشـتر دەژیـان. بـەڵام پێشـمەرگە ئاســـاییەکان وخێزانەکانیان لـــەژیانێکی نـــەبوونی و کولەمەرگیـــدا دەژیان.[٥٤] ***(ئایا جیاوازی باری گوزەرانی سەرکردایەتی ی.ن.ك لەگەڵ ئەندامان و خەڵکی ئاساییدا ئاسمان و رێسمان نیە؟ ئێستا جیاوازی بەرپرس و پێشمەرگە جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەوسەردەمدا یاخود زیـاتر بـووە؟)***، زۆربـەی پیاوەکـانی بـارزانی کەلـەرابردوودا بـەژیانێکی کەمدەرامەتیـەوە دەژیـان و پێشـڕەوی پێشـمەرگەکانیان دەکـرد، بـوون بەهــەرە دەوڵەمەنــدانی لادێــی کــوردی و بــوون بــەخاوەن دەســەڵاتێکی

[٥٣] هەمان سەرچاوە... ل١٧

[٥٤]: هەڵبژاردەیەك لەنوسینەکانی شەهید ئارام، ل ٢٢

ئابوری و سیاسی بێهاوتا لەهەمووناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بەگشتی. ***(ئایا زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتی نەبوون بەخاوەن دەسەلاتێکی ئابووری و سیاسی بیّ هاوتا لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا بە گشتی؟)***، هیچ یەکێك لەوانە سەرەڕای ئەوسکاڵا زۆرانەی کەلەدژیان هەبوو لەلایەن پارتییەوە لیّ نەدەپرسرانەوەو لانەدەدران. ***(ئایا سەرەڕای ئەو هەموو سکالایەی لەسەر بەرپرسەکانی یەکێتی هەیە کەس لێی پرسرایەوەو لادرا؟)*** وای لیّ هاتبوو جەماوەر ناوی لە بەرپرسەکانی پارتی نابوون (لۆرتەکانی جەنگ)،[٥٥] ***(ئایا دەزانن ئێستاش جەماوەر ناوی چی لە بەرپرسەکانی یەکێتی ناوە؟)***، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ژیانی پێشمەرگەش بریتی بوو لەو (١٠) دینارەی کە بەناوی موچەوە پیّی دەدرا.[٥٦] ***(ئایا پرسیوتانە پێشمەرگە چۆن بەو موچە کەمەی وەری دەگرێت گوزەرانی ماڵو منالی پیّ بەڕێوەدەبات؟ پرسیوتانە ئایا ئەو پێشمەرگەیە ئامادەیە لەکاتی پێویستدا گیانی بەخت بکات وەك پێشتر ئامادە بوو؟)***.

لە ساتەوەختی شۆڕشی ئەیلولدا لەروی سیاسیو ئایدیۆلۆژیشەوە جەماوەر بەگیانی شۆڕشگێڕانە پەروەردە نەکرابوون، جەماوەر خۆی ئەوەی ئەکرد کە بەڕاستی دەزانی،***(ئایا ی.ن.ك لەبەر کێشە شەخسیەکانی نێو ئەندامانی م.س ئاگای لەوە ماوە جەماوەر بە چ گیانێك پەروەردە بکات؟)***، سەرەڕای ئەمەش زۆر جار (حزب)و (شۆڕش)

---

[٥٥] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):ڕێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٩

[٥٦] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٧٢–١٩٨٠ – دەستنوس ل٥٤٠

خەڵکیان بەشێوەیەکی چەوت ئاراستە ئەکرد. بۆ نمونە هەر چونە دەرەوەیان ڕێك نەخست، بەڵکو خۆیان بەزۆرو بە هەڕەشە زۆر کەسیان ناچار کرد کە بچنە شاخ. کەچی لەشاخ هەمان (حزب)و (شۆڕش) گوێ یان پێ نەئەدان‌و ئەو کەسانەی سەر بەخۆیان نەبوون کاری گرنگیان نەئەدرایە دەست و خەڵکێکی زۆر کرابوو بە بار بەسەر بزوتنەوەکەوەو لەجیاتی سود وەرگرتن لەو پەڕی هێزو توانایان، بەرەڵلاکرابوون‌و بێ ئیش‌و کار دەسوڕانەوە[٥٧]. چەندان دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو دەرچووی زانکۆ لەو دۆڵانەدا کەوتبوون. بچوکترین پرس‌و رایان پێ نە دەکرا و تەنانەت ڕێگای پێشنیار کردنیشیان نەدەدان.[٥٨] ***(ئایا ی.ن.ك لەکردنەوەی پرۆژەکانی، بەستنی پێوەندییەکانی، کارە سیاسی‌و جەماوەریەکانی، بچوکترین پرسی بە کەسە پسپۆڕو لێوەشاوەکانی کردووە؟ ئایا لە هاتنە پێشەوەی هەر پۆستێکدا کەس ئەوانی لەبیرە تا پیاوێکی خۆیان وەستابێت؟ کە ماوەی چەند ساڵێکە چەند دەم‌و چاوێکن‌و لەجۆرەها پۆست‌و شوێندا هەر ئەوانن دووبارە دەبنەوە؟ وەك ئەوەی ئەزمەی کادیر بێت؟).***

---

[٥٧] هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام، ل ١٩

[٥٨] ابراهیم جلال: خواروی کوردستان و شۆرشی ئەیلول، ل ٣٨٧

## ٣- هۆكارە سەربازییەكان

لەناو هێزی پێشمەرگەشدا هەروەك لایەنەكانی تر، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا لەجیاتی ڕێكخستن، لەجیاتی پەروەدەی شۆڕشگێڕانە، پەشێوی و بەرەڵڵایی و خۆپەرستی و بیرۆكراتیەت باوبوو. ***(ئایا لەنێو هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك دا پەروەردەو ڕێكخستن ماوە؟ پەروەردەی شۆڕشگێڕانە ماوە؟)***، لەهەمووی خراپتر ئەوەبوو كە تفەنگ سیاسەتی (پدك)ی ئاراستە دەكرد. واتە ئەو كەسانە دەنگیان زوڵاڵ بوو كە هێزی چەكداریان لەگەڵدا بوو.[٥٩] ***(ئایا تا ئەمڕۆش لەنێو ی.ن.ك دا بەهەمان شێوەنییە؟ لەكاتێكا سەردەم گۆڕاوە، بەلام عەقلیەتی تفەنگ بالادەستە یا حیوارو گفتوگۆ؟)***، لەگەڵ ئەمەشدا (پدك) ڕێكخستنێكی حزبی نەبوو لەناو هێزی پێشمەرگەدا، ***(ئایا بەدواداچوونتان بۆ ئەوەكردووە كە ئاخۆ مەڵبەندی پێشمەرگە ئەركەكانی خۆی جێبەجێ دەكات؟)*** لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا نەك هەر هەوڵ نەدەدرا كە هێزە چەكدارەكان بەكەسانی حزبیی ڕۆشنبیر موتوربە بكرێت، بگرە بە پێچەوانەوە سەركردایەتی دەیویست هەموو دەسەڵاتێك لەدەستی چەند بەرپرسێكی دەستنیژی خۆی یا سەربەخۆیدا كۆبكاتەوەو ئەوانیش لەزۆربەی كاتدا ناحزبی و كەم بەهرەو نارۆشنبیربوون و ئەمە لەگشت ڕویەكەوە زیانی قورسی بەتواناى پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و شەڕكەری پێشمەرگەو فێربوونی كاروباری سەربازیی نوێ

---

[٥٩] هەڵبژاردەیەك لەنووسینەكانی شەهید ئارام، ل٢٢

لەریزەکانیاندا گەیاند.[٦٠] ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك یشدا هەمان ئەقلیەت بالادەست نییە؟ ئایا هەروا بیر ناکەنەوە کە گرنگ ئەوەیە کەسەکان نزیکی خۆیان‌و پیاوی خۆیان بن، نەك رۆشنبیرو دلسۆزو دەستپاك؟).*** لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە دەسەڵاتی سەربازی‌و هێزی چەکداری شۆڕش‌و هەموو بەرپرسەکانی خرانە ژێر دەستی بارەگای بارزانی‌و پارتییان لێ دوور خرایەوە. ***(ئایا لەنێو یەکێتی دا بەمانا حیزبیەکەی دەسەلات لەدەست ی.ن.ك دایە یان چەند بەرپرسێك‌و چەند مەرکەزێك دروست بوون؟)*** بەرپرسە بالاکانی (پدك) مەبەستیان ئەوەبوو ببنە خاوەنی هێزی چەکداری شۆڕش‌و نەهێڵن هیچ کۆنترۆڵێکی حزبی لەسەربێ. ***(ئایا لەنێو یەکێتی دا تاچەند حیساب بۆ کاری حیزبی‌و مەکتەبی رێکخستن‌و بڕیارەکانی دەکرێت‌و گوێی لێدەگیرێت؟)*** ئەمە بەشێوەیەکی کاریگەر کاری کردە سەر نەخشی حزب لە شۆڕشی ئەیلولدا. نەك هەر ئەمە بەڵکو دەستە حزبییەکان زۆر لەم هێزانە بێ دەسەڵاتتربوون‌و لێیان دابڕابوون‌و بگرە ڕۆڵیان لەچاو ئەم هێزانەو بەر پرسەکانیاندا بوو بەڕۆڵێکی لاوەکی.[٦١] ***(ئایا مەکتەبی رێکخستن‌و مەڵبەندەکان تا چەند بەکاری حیزبی خۆیان هەڵساون‌و دەتوانن پێی هەڵسن؟ یاخود تا چەند رێگەیان پێدراوە کە ئەرکی سەر شانیان جێبەجێ بکەن‌و دەست نەخراوەتە کارو بارەکانیانەوە؟ ئایا کەم‌و کورییەکان لەخۆیانە یان لە***

---

[٦٠] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی رەوش‌و... ل١٦

[٦١] –هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

***کەسانی تر؟)***، دەتوانین هەڵەو لاوازییەکانی شۆڕشی ئەیلول لەڕوی سەربازیەوە لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

١–پسانی دیسپلینی شۆڕشگێڕانە کە بەگشتی شیرازەی پچڕابوو. ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا دیسپلینی شۆڕشگێڕانە شیرازەی نەپچڕاوە؟)***. ئەمە لەکاتێکدا دیسپلینی سەربازی کە بنچینەی رایی کردنی راستو دروستی کاروباری هەر سوپایەکە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا رۆژ بەرۆژ بەرەو لاوازبوون دەچوو، بەرەڵلایی لەریزەکانی پێشمەرگەدا زیادی کرد، گوێ بەرێکخستنو زنجیرەی موراجەعەت نەدەدرا. ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا گوێ بە سیلسیلەی موراجەعەت دەدرێت؟)***. ئەمەش توانای شەڕکردنو فەرمان جێبەجێ کردنی ئەم هێزانەی هێنایە خوارێو لە هەموو روویەکەوە بەخراپی کاری کردە سەر شۆڕشی ئەیلول. هەر رێو شوێنێکی نووسراویش کە دادەنرا وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمایەوەو جێبەجێ نەدەکراو ئەندامانی سەرکردایەتی (پدك) یەکەم کەس بوون سەرپێچییان لێدەکرد.[٦٢] ***(ئایا بەر خوارەوە ئەندامانی سەرکردایەتی ی.ن.ك سەرپێچی یان لە دەستورو رێو شوێنەکان نەکردووە؟)***، هەروەها سەرکردایەتی (پدك) پەیڕەوی سیاسەتی(دڵڕاگرتن)ی دەکرد لە بری چاودێریو لێپرسینەوەی بەرپرسانو پێشمەرگە بە گشتی. ***(ئایا ی.ن.ك پەیرەوی سیاسەتی دڵڕاگرتن ناکات؟ ئایا لەسەر کەموکوڕیو گەندەڵیو بەرەڵلایی لە هیچ***

---

[٦٢] هەڵبژاردەیەك لەنووسینەکانی شەهید ئارام. ل ٢٣؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکرن): س.پ، ل١٥

***کەسێکی پێچاوەتەوە؟ ئایا مەکتەبی چاودێری‌و پشکنین بەراستی وجودی هەیەو بە مەهامی خۆی هەلساوە؟).***

٢- نەبوونی یەکسانی شۆڕشگێڕانە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا, ***(ئایا لەنێو ی.ن.ك دا هیچ یەکسانیەکی شۆڕشگێڕی، یاخود عەدالەتێکی کۆمەلایەتی هەیە؟).*** پێشمەرگەکان لە نێوخۆیاندا چەند دەستەیەك بوون, جیاوازی زۆر لە نێوان بەرپرسەکان‌و پێشمەرگە ئاساییەکاندا هەبوو ئەمەبوو بووە مایەی بێزاری‌و ساردکردنەوەی پێشمەرگە, چونکە پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو هەندێ لە لێپرسراوان زۆربەی کات دەبووە شێوە پەیوەندیەکی نێوان ئاغاو مسکێن. خزم خزمێنەو برادەرایەتی تەشەنەی کردو لێپرسراوان ژیانێکی خۆش گوزەرانیان لە چاو توانای شۆڕشدا بە سەر دەبرد. لە کاتێکدا پێشمەرگە لەم خۆش گوزەرانیە بێبەش بوو و ئەم مەسەلەیەش جۆش‌و خرۆشی پێشمەرگەی لە شەڕدا دادەمرکاندەوە, چونکە هەستیان دەکرد ئەوان دەبنە قوربانی‌و دەسکەوتیش هەر بۆ ئەو بەرپرسانەیە کە لە پشت بەرەکانی شەڕدا خۆش گوزەران دەژین. ئەم دیاردەیە لە سەروبەندی شەڕی سالی ١٩٧٤ دا تەواو روون‌و ئاشکرا بوو. ***(ئایا ئێستا لەنێو ی.ن.ك دا هەمان ئەم مەسەلەیە روون‌و ئاشکرا نییە؟)،*** سەرکردایەتی هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی نەنا. چونکە سەرکردایەتی هێزی چەکدار( بارەگای بارزانی)یش هەمیشە لە پشت بەرەکان بوو, تەنیا فەرمانی دەردەکرد.[٦٣] ئەم دامو دەزگایە(بارەگای بارزانی) لایەنە خراپەکانی لەسالانی دواییدا زۆرتربوو و نەیتوانی پێ

[٦٣] هەمان سەرچاوە... ل ١٦

بەپێی پێشکەوتنی شۆڕش هەنگاو بنێت و بەرامبەر بە ئاڵۆز بوونی باری شۆڕش سەر دەر بکات.[٦٤] ***(ئایا سەرکردایەتی ی.ن.ك لەئاست ئەم هەموو پێشهاتانەدا سەردەردەکەن؟ یان بەشێوەیەکی تر ئەگەر سەریش دەربکەن توانیویانە هەنگاوی پێویستی بۆ بنێن و لەگەڵ گۆڕان و پێشهاتەکاندا خۆیان بگونجێنن؟)***، چاودێری جێبەجێ کردنی کاری هێزەکانی نەدەکرد. یا سەری لە بەرەکانی شەڕ نەئەدا تا بزانێ چی هەیە. لەکاتێکدا زۆربەی ئامر هێزەکان لە بارزانیەکانی سەر بە سەرکردایەتی بارزانی بوون و هەر ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بوون،[٦٥] ئەوهەموو دەسەڵاتانەی بەو شێوە زۆرە لەدەست ئەم دام و دەزگایە کۆببووەوە، جێگای رەزامەندی گشتی نەبوو، وەزیانێکی گەورەی بە شۆڕش گەیاند.[٦٦]

٣- نەبوونی پلانی زانستیانەی ورد ***(ئایا ی.ن.ك بەپلان کاردەکات و هیچ پلانێکی هەیە؟ یاخود ئەو پلانانەی کێشاونی چەندی جێبەجێ کردوون؟)***. بۆ گونجاندنی ئەو ئیمکانیاتانەی بزوتنەوەکە هەیبوو لە گەڵ ئیمکانیاتی سەربازیی زۆری بەعس. چونکە ئاشکرایە کە شۆڕش رۆژێك لە رۆژان خاوەنی چەکی هاوتای چەکی سوپای عیراق نەبوو تا بە

---

[٦٤] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٨

[٦٥] پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئامادەکردن): هەڵسەنگاندن و رەوش و... ل ١٦

[٦٦] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٢٨

شێوەیەکی بەرەیی بەرەنگاری ئەم هێزانە بکات. بۆیە دەبوو پتر پشت بە شەڕی پارتیزانی ببەستێ کە پێویستی بە باوەڕو رێکخستن و مەشق کردن لەسەر ئەم شەڕەو فێر بوونی پرەنسیپە تازەکانی هەیە.[٦٧] بەڵام بەپاڵپشتی تۆپەکانی بێگانە لەگەڵێك ناوچەدا جەنگ شێوەیەکی بەرامبەری وەرگرتبوو، پیلان ونەخشەدانانی سەربازی ومەشق کردن و رۆشنبیری سەربازی خەریك بوو بەجارێك باوی نەمێنێت، لەمانەش گرنگتر ئەوەبوو کە بەکردەوە شەڕەکە کرا بەشەڕی دەوڵەتی و بەشێوەیەك کە یەکسەر هەردوو هێزە گەورەکانی جیهانی گرتەوە. دەبێ ئەوەش بزانرێت شەڕێکی لەم بابەتە کە دەبێت بەشەڕێکی دەوڵەتی خاوەنەکانیان دەسەلاتیان بەسەر ئەو شەڕەدانامێنی[٦٨].

نا بەرامبەرییەکی زۆریش لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عیراقدا هەبوو لە رووی سەربازییەوە لە سالانی کۆتایی شۆڕشدا. *(ئایا ی.ن.ك بیری لەوە کردۆتەوە ئەگەر لەگەل حکومەتی مەرکەزیدا شەڕ ببێتەوە نابەرابەرییەکی زۆر هەیە؟ ئایا کار بۆ ئەوە کراوە هێزی پێشمەرگە بەهێزتر و زیاتر بکرێت؟ ئایا ئەو فرقانەی بڕیاربوو لەکوردستان بکرێنەوە، بۆ نەکرانەوە؟ سوپای عیراق زیاتر پڕچەك کراوە، جۆرەها چەکی قورس و فڕۆکەی کڕیوەو خەریکە دەیکرێت، ی.ن.ك بیری لەچی کردۆتەوە لەبەرامبەردا؟)*. توانای چەکی هەمە چەشنەی عیراق وای لێ

---

[٦٧] پارتی دیموکراتی کوردستان ( کۆمیتەی ئامادەکردن ):هەڵسەنگاندنی رەوش و...ل١٤

[٦٨] پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٦٥

هاتبوو کە تەرازووی هێزی سەربازی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق بە جارێ لاسەنگ و لار ببوو.[٦٩] حکومەتی عیراق بە چەکی رۆژهەلات و رۆژئاوا, لە ژێر سەیوانی جەنگی سارددا, هەرچی توانای سەربازی و سیاسی و سایکۆلۆژی هەیبوو خستیە مەیدانەکانی جەنگەوە، پێشکەوتوو ترین کەرەستەی جەنگ و جەنگینی هەبوو، فڕۆکەکانی عیراق کوشندە بوون, بەڵام دژە فڕۆکەکانی شۆڕش کەم و لاواز بوون. تانکەکانی عیراق کاریگەر و تازە بوون, بەڵام دژەکانی لەلایەن شۆڕشەوە کەم و لە ناوچەیەکی کەمیشدا رێگای بە کارهێنانیان دەدران. تۆپ و تۆپخانەکانی عیراق پێشکەوتوو بوون, ***(ئایا پێتان وایە ئەگەر خوانەخواستە شەڕ دەستپێبکاتەوە، پێشمەرگە توانای بەرگری کردنی هەیە لە شەڕی بەرەیی بەرامبەر ئەم سوپا پڕ چەکەی عیراقدا؟ ئایا چ ئەلتەرناتیڤێکی تر دانراوە و بیر لە چیتر کراوەتەوە؟)***، بەڵام بەرپەرچدانەوەکانی شۆڕش کەم و دیاریکراو بوون، ئەویش بە زۆری لە سەرکردایەتی شۆڕش و قوڵی رەواندوزدا هەبوو.[٧٠] ئەو سەنگەر لارییەی لە رووی سەربازییەوە, وای کرد لە زۆربەی جەنگە بەرەییەکاندا رژێم بەو چەکە قورسانەوە سەربکەوێ، هەروەها حکومەتی عیراق لە رووی زۆری ژمارەی شەڕ کەرانیشەوە هەر زاڵ بوو. بۆ نمونە تا پایزی ١٩٧٤ زیاتر لە (١٠٠) هەزار چەکداری خستبوە شەڕەوە. ئەمەش مانای

---

[٦٩] جەلال دەباغ: هۆیەکانی دارمان و پەند و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، ل٤٨

[٧٠] پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٥

ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کاتە چوار لەسەر پێنجی سوپای عیراق لە شەڕگەکاندا دژبەشۆڕشی کوردستان بە کار دەهێنا[٧١].

لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕی و نابەرامبەری یەشدا بەرامبەر بەدوژمن چەندین سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنا. کە دیار و ئاشکرایە حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و پەلامارە دڕندانەیەیدا, نەیتوانی بەڕێگەی شەڕو بەکارهێنانی توانای سوپایی مەبەستەکانی خۆی بەدەست بێنێت. بۆیە دوای ساڵێك شەڕی سەرنەکەوتوو کەوتە بەکارهێنانی دوانەخشەی ستراتیژی خۆی کە ڕێگەی فەندو فێڵی نێونەتەوەیی بوو, واتە ڕێگای رازی کردنی ئێران. ئەوەتا (سەدام حسین) کاتێ چاوی بەنوێنەری پارتی کەوتبوو, بە (ئیدرس بارزانی) وتبوو: "چارەنووسی ئێوە بەستراوە بەپشتیوانی ئێرانەوەو ئێران داوای (شط العرب) ئەکا. (شط العرب) لەکوردستان خۆشەویستتر نیە. ئەگەر شەڕ دەست پێ بکەنەوە, ساڵێك شەڕتان لەگەڵ ئەکەم. ئەگەر نەمتوانی بەسەرتاندا زاڵ بم, لەگەڵ ئێران رێك دەکەوم و نیوەی (شط العرب)ی ئەدەمێ بەرامبەر بەوەی یارمەتیتان لێ ببڕێ".[٧٢]

٤- نەبوونی سەرکردەی لێ وەشاوەو شۆڕشگێڕ لە سەرکردایەتی هێزەکاندا. جلەوی شۆڕش تەنیا بەدەست بارزانی و چەند کەسانێکی بەتەمەن و کەم خوێندەواری وەك :عیسا سوار, عەلی خەلیل, عەبدوللا

[٧١] د. گوینتەر دێشنەر: کورد, گەلی لە خشتە براوی غەدرلێ کراو، وەرگێڕانی:حمە کریم عارف, ١٩٩٩, هەولێر ل٢٧٠

(٧٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانەبەوە.. ل٢٠.

پشدەری و چەندانی تری لەم بابەتانەوە بوو. ***(ئایا مەرجە ئەوانەی دەسەلاتدارن لەنێو ی.ن.ك دا تا دووا هەناسەیان هەر دەسەلاتدار بن و کورسیەکانیان بەر نەدەن؟)***. ئەوانە ئەگەر چی کەسانی تێکۆشەرو شەڕکەری زۆر ئازاو کارامە بوون، خاوەنی ئەزموونی شەڕی چەندین ساڵەی پارتیزانی بوون. بەلام لە ئاستی شەڕی بەرەیی و تەکنیکی سەربازی نوێدا تەقەی سەریان دەهات.[٧٣] ئەمەش وای کرد لە زۆر قۆڵەوە کە پێشمەرگە تێکشکان و حکومەتی عیراق لە پێشڕەوی دابوو. حزب ناچار بوو کە هانا بۆ کادرو شارەزای ئێران بەرێ بۆ بەکارهێنانی چەکی قورس. ئەمەش کەلەپچەیەکی تر بوو کە کرایە مەچەکی بزوتنەوەکە لە لایەن رژێمی ئێرانەوە. لە کاتێکدا کە سەدان فەرماندەو خاوەن پلەی سوپایی شارەزاو کارامەو خوێندەوارو دەرچووی کۆلێژی سوپایی لە ناو شۆڕشدا هەبوو کە ریزەکانی سوپای عیراقیان بە جێ هێشتبوو، بێ ئیش و کار لەو دۆلانەدا دەخولانەوە بێ ئەوەی کارێکی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەییان پێ بسپێردرێت. کە ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری پلە داری جۆراو جۆر بوو.[٧٤]

٥- چاك نەگونجاندنی جەنگی پارتیزانی و جەنگی نیزامی دژی دوژمن. هەروەها نەگونجاندنی هێرشە پارتیزانەکانیش کە دەکرانە سەر شوێنێك.[٧٥] سەرکردایەتی لەم بوارەدا باوەڕی نە بەمەو نە بە دەرس

---

[٧٣] هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی شەهید ئارام، ل٢٣

(٧٤) صلاح ألخرسان:التيارات السياسية فى كردستان العراق، بيروت ٢٠٠١، ل٢١٩
.

(٧٥) يونان هرمز: ايامى في ثورة كردستان، ل٢١٤

وەرگـرتن لـە ئـەزمونی گـەلانی تـر نـەبووو ئەمـە رای زۆربـەی لێپرسـراوە سـەربازییەکان بـوو کـە سـەرکردایەتی خـۆی داینـابوون و رۆشـنبیرییەکی سیاسـی و سـەربازی کـەمیان هـەبوو. سـەرکردایەتی نـەك هـەر بایـەخێکی شایانی باسی بەم بابەتە نەدا بەڵکو بە پێچەوانەوە هانی پێشمەرگەکانی دەدا شـەڕی بـەرگری بـەرەیی بکـەن و هـەردەم تێدەکۆشـا چـەکی قـورس پەیـدا بکـات. بـرەو پێـدانی ئـەم شـەڕە بـەرەیی یـە شۆڕشـی ناچـار کـرد زیـاترو بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە یارمـەتی دەرەکـی ببەسـتێ. هەرەها پێشمەرگە لە هیچ بوارێکدا هیچ جۆرە مەشقێکی بە بەردەوامی نەبووو ئەمـەش وای لێ کـردن شارەزای مەسـەلە سـەربازییە پێویسـتەکان نەبن و تووشی تەمبەڵی بن و ئەرکەکانیان پـێ جێبـەجێ نـەکرێت و کـەمتر پەرۆشی کارکردن بن و توانـای سـەربازی شـۆڕش بـەم شـێوەیە رووی لـە کـزی کـردو هێزەکـانی پێشـمەرگە شـەڕی پارتیزانیـان بیردەچـۆوە. بـەبێ ئەوەی فێری شەڕی بەرەیی ببن، یا بتوانن بە راستی ئەنجامی بدەن.[٧٦] ***(ئایا هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك شەڕی پارتیزانی بیرنەچۆتەوە؟ یاخود توانـای شـەڕی بـەرەیی هەیـە؟ چـونکە دەبـێ ئـەوە بـزانین ئـەو پێشمەرگانەی ئێستا پێشمەرگەکانی سەردەمی شاخ نین)***، واتە وای لێ هات شارەزای هیچ یـەکێ لـەو دوو جۆرە شـەڕە نـەبن و توانـای سـەربازی شۆڕشـی بـە جۆرێکی بەرچاو کـەم کـردەوە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە سـەرکردایەتی شـۆڕش لایـەنی تـەکنیکی زاڵ کردبـوو بـە سـەر رۆڵـی پـێشـمەرگەدا. بـەکارهێنانی تـۆپی ئێرانیـەکان کـارێکی خـراپتری هـەبوو

---

[٧٦] پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ( کۆمیتـەی ئامـادەکردن): هەڵسـەنگاندنی رەوش و...ل١٥

لەســەر ســارد کردنــەوەی پێشــمەرگە کەئــەو حەماســەتەی نــەمێنیٚ لەشەڕدا.[٧٧] کەواتە بە کارهێنانی چەکی قورس لە نێوان دوو لەشکری نیزامــی لــەبری ئــەوەی پێشــمەرگە رۆلی ســەرەکی ببینــیٚ کاردانــەوەی خراپی هەبوو. ***(هەروەکو دووانزە ساڵی رابردوو شایەتە کە پێشمەرگە دەیگوت لەبەرامبەر دەبابەو فڕۆکەدا شەڕکردن ئاسان نییەو تێکشکاین، نمونــەی ٣١ی ئــاب و گــەردەلولی تۆلــە لەبەرامبــەر دەبابــەو فڕۆکــەکانی عیراق و تورکیادا روون و ئاشکران).***

لەگــەل ئــەو هــەموو کــەم و کــوڕی و هۆکــارە نێوخــۆیی یانەشــدا کــەباسمان کــرد پێشــمەرگە شــەڕێکی زۆر قارەمانانــەی دەکــرد, بــەلاّم فاکتــەرە دەرەکیــەکان ئەوەنــدە کاریگــەر بــوون ئەوەنــدە پشــتیان لــە لایــەن سەرکردایەتی شۆڕشەوەپیٚ بەسترا, وایان کردبوو قەناعەتێك لە لایەن پێشمەرگەوە دروست بیٚ کە لەناوەوە هیچ ناکرێت بەڵکو هەموو شتێك دۆستان بۆ کوردی دەکەن. بۆ نمونە هێنانی هێزی ئێران رۆڵێکی زۆر خراپی گێڕا بۆ سارکردنەوەی خەڵك و پێشمەرگە، بە تەمای ئێرانیەکان وازیان لە زۆر سەرەتای پێشمەرگایەتی هێنا، ئەم سیاسەتە زۆر زەبری لە بزوتنەوەی کوردی باشوردا... بەلاّم گەورەترین زیانی ئەم دیاردەیە بۆ بزوتنەوەی کورد دوو شت بوو:

یەکەمیان: ئەوەبوو کە پێشمەرگەی کورد ئەو بڕوا بە خۆبوونەی جارانی لە خۆیدا شك نەدەبردو زیاتر چاوی لەوە بوو داخۆ تۆپە دوور هاوێژەکانی ئێران و بە گشتی ئەرتەشی شاو رژێمی شا چی دەکەن.

---

[٧٧] پــارتی دیمــوکراتی کوردستان(ســەرکردایەتی کاتی):رێبــازی بزوتنــەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٥

***(ئایا ئەگەر بارودۆخ بگۆڕێت پێشمەرگە خۆی بیروباوەڕی جارانی تیادا ماوە؟ یاخود زیاتر چاوی لەوەیە هاوپەیمانەکانی چی بۆ دەکەن؟ وەك لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا هیچ نەکراو تا هەولێریشمان لەدەستچوو هەر چاوەڕێی هەڵمەتی فرۆکەکانی ئەمەریکا بووین!).***

دووەمیش: ئەوەبوو کاتێك رژێمی شا لە شەڕەکانیدا ببوە لایەنێکی سەرەکی, سروشتی بوو کە لە ئاشتیشدا دەبێتە لایەنیکی سەرەکیو بگرە لایەنی بڕیاردەریش.[٧٨]

رۆژنامەی (خەبات)لەژمارە(١)یسالّی ١٩٧٦دا نوسیویەتی:

"یەکێك لە هەڵەگەورەکانی شۆڕش لەوەدابوو کەلەمانگەکانی یەکەم دا پلانی بەدیلی دانەنابوو ئەگەر یارمەتی دەرەوەمان لێ بڕێ چی بکەین؟ لەبەر ئەوە وەستانی شەڕ لەدوای رێککەوتنی جەزائیر مەسەلەیەکی بابەتی نەبوو، بەلکو خۆیی بوو".[٧٩]

***(ئایا ئەگەر بارودۆخ گۆڕا ی.ن.ك پلانی بەدیلی هەیە؟ ئەگەر حکومەتی مەرکەزی هەڵوێستی دژی هەبوو؟ ئەگەر هاوپەیمانان لەو وادەو بەڵێنانەی داویانە پاشگەز بوونەوە چ رێگەیەك بگرینە بەر؟).***

---

[٧٨] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل٩٥

[٧٩] خەبات، ژمارە(١)، سالی١٩٧٦

# دووەم: هۆکارە دەرەکیەکان

## ١- پەیوەندیە دەرەکیەکان

مەسعود بارزانی لەم بارەیەوەدەلێت:" دەبێ لێرەدا نەترسین و دان بەهەڵەکانماندابنێین کەلەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی دەرەوەشدا هەڵەی زۆرمان کرد، جا چ لەژێر فشاری روداوەکان بوبێ، یابەهۆی نەزانینمانەوە، بەتایبەت لەسالآنی١٩٧٣-١٩٧٤". (٨٠)

مافی هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازە کە لەکاتی پێویست دا پێوەندی بەدەرەوە بکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو پێویستییەکی گرنگ و سەرەکیشە یارمەتی بۆ خۆی دابین بکات و سودی لێ وەربگرێت. بەلآم بەمەرجێك هاوسەنگیەك لە پێوەندیەکانی رابگرێت و یارمەتیە دەرەکییەکە زیان لە ستراتیژی جولآنەوەکە نەدات.

بەلآم دەبێ بزانرێ ئایا ئەو یارمەتیانە چین کە شۆڕشێك لەدەرەوە وەری دەگرێت؟ لەچ لایەك و بەچ مەرجێك؟ " ئەگەر مەرج هەبێ". شۆڕشی کوردستان توشی شەڕێکی رەگەزپەرستانە بووبوو، ئاسایی بوو پێوەندی بەدرەوە بکاتو یارمەتی وەدەست بخات. بەلآم ئەنجامی پێوەندیە دەرەکیەکانی شۆڕشی کوردستان لەدواییدا لەجیاتی ئەوەی بەقازانج بۆی بگەڕێتەوە بەزیان شکایەوە. ئەوەش یەك لەهۆکارەکانی هەرەس هێنانی شۆڕشەکە بوو کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بیخەینە روو:

---

(٨٠) مسعود بارزاني:التقريرالسياسي والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع...، ل٣.

١-شــۆڕش بەتــەواوی پشــتی بــەدەرەوە "بــە تایبــەت بــە ئێــران و ئــەمریکا" بەســتبوو، ئەمــەش ســەربەخۆیی بزوتنەوەکــەی لەدەســت دابــوو،[٨١] ***(ئایــا ئێســتا بەتــەواوی پشــتمان بــەدەرەوە نەبەســتووەو سەربەخۆیی بزوتنەوەکەمان لەدەست نەداوە؟)***. چونکە لە بچوکترین پێداویستییەوە تا تۆپی تەیارە شکێن دەبوایە لەئێرانەوە بێت.[٨٢] واتە یارمــەتی دەرەکــی ببــوو بــە بناغــەی جوڵانەوەکــە لــەبری پشــت بەســتن بەناوەوە،[٨٣] ***(ئایا ئێستاش لە سەلکە پیازێکەوە تا گەورەترین شت لەدەرەوە نایەت؟ ئایا خۆمان چیمان هەیە؟)***. ئەمە لەکاتی شەڕدا (لەساڵی ١٩٧٤) بەئاشکرا دەرکەوت. پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بەکردەوە ببــووە ســتراتیژ، گــرنگ نــەبوو چــی لــەناو دڵــدا هەیــە، هەمووشــتێك بەســترابووەوە بــەو یارمەتیــەی کەلــە ئێرانــەوەدەهات.[٨٤] هۆیەکەشــی ئــــەوەبوو ســــەرکردایەتی بەشــــێوەیەکی بازرگــــانی بارودۆخەکــــەی شێدەکردەوەو قەناعەتی وابوو گەلی کورد چیتر توانای نەماوەو دەبێ هەموو شتێکی لە دەرەوە بۆ بێت. مەسەلەی پشت بەستن بە دەرەوە گەیشتە رادەیەك کەوا لایەنە یاریدەدەرەکان کاربکەنە سەر شۆڕش و بە

---

(٨١) یونان هرمز: ایامی في ثورة کردستان، ٢١٤

[٨٢]. مــارتن ڤــان برۆنەسن:ئاغاوشــێخ و دەوڵــەت، ب١، چ٢، ل٥٨؛ ا. کــاوە: قضــیة کردستان الجنوبیة والافاق المستقبلة، ل٨١؛ جەلال دەباغ: هۆیەکانی دارمان و پەند و تاقی کردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، ل٤٨

[٨٣] مارتن ڤان برۆنەسن:ئاغاوشێخ و دەوڵت، ب١، چ٢، ل٥٧

[٨٤] پــارتی دیمــوکراتی کوردستان(ســەرکردایەتی کــاتی): رێبــازی بزوتنــەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٦

پێی بەرژەوەندی خۆیان لە ناوچەکەدا هەڵس و کەوت بکەن. بەبێ ئەوەی هیچ زامنێکی سیاسی بۆ مسۆگەر بکەن. ***(ئایا ئێستا هیچ زامنێکی سیاسیمان مسۆگەر کردووە؟)***، ئەمەش جۆرێکە لە نەبوونی تێگەیشتن و دەرك پێکردنی سیاسی. ئەم بارودۆخە رەسەنایەتی شۆڕشی کەم کردەوەو وای لێ کرد زیاتر پشتی بە لایەنەدەرەکیەکان ئەستوربێ و کاتی یارمەتیەکانی لێبڕا بشلەژێ و ڕێگەی خۆی ون بکات. بۆیە تا دەهات وردە وردە جوڵانەوەکە کەسایەتی سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا.[٨٥]

٢-سەرکردایەتی شۆڕش هەلومەرجی تازەی نێودەولەتان و ئەو گۆڕانکاریانەی باش هەڵنەسەنگاندبوو کە هاتبوونە کایەوە.[٨٦] لەبەر ئەوە رەفتارو سیاسەتی شۆڕش وەك جاران مایەوەو گۆڕانە تازەکانی دنیای رەچاو نەکرد، وەك قەیرانی وزەو شەڕی ئۆکتۆبەری عەرەب دژی ئیسرائیل و تەبایی نێودەولەتی لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا. بارزانی بە تەواوی پشتی بە ئیران و ئەمریکا بەستبوو، هەموو لایەنەکانی تری پشتگوێ خستبو, لەو پشت بەستنەدا زۆر گەشبین بوو, پێی وابوو کە لە لایەن ئەو بەناودۆستانەوە زەمانەتی دراوەتێ. زەمانەتێکی وەها کە ئەم جارەیان دەبێتە مایەی چارەسەری کێشەی کورد. لەم رووەوە

---

[٨٥] پارتی دیموکراتی کوردستان ( کۆمیتەی ئامادەکردن ): هەڵسەنگاندنی رەوش و...ل٣٠

(٨٦) ا. کاوە: قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ل٨١

بـارزانی دەیگـوت: "ئێمـە پشـت بـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەبەستین و متمانەمان پێی هەیە".(87)

بـارزانی تـا دەهـات زیـاتر خـۆی یـەکالا دەکـردەوە لـە لایـەنگیری ئەمریکیـەکان. لـە گفتوگۆیـەکی رۆژنامەوانیـدا لـە(١٩٧٣/٦/٢٢) لـە گـەڵ (جیم هیـوا گلانـدی) هەواڵـدەری رۆژنامـەی واشـنتۆن پۆسـتدا رایگەیانـد کـە: "ئامادەیـە بـە ئاشـکرا بـڵاوی بکاتـەوە کـە لایـەنگری سیاسـەتی ئەمریکیـە لـە ناوچـەکەداو ئامادەشـە بـە دەوری خـۆی هەڵسـێ لـە پارێزگـاری کردنـی بەرژەوەنـدی ئـەمریکاو داکـۆکی کـردن لـە سـەری لـە ناوچەکەدا, هەر لەوێدا بارزانی ئامادەیی دەربڕی کە کۆمپانیـای نـەوتی کـەرکوك و دەرهێنـانی تەسـلیم بـە کۆمپانیایـەکی نـەوتی ئـەمریکی بکات".(88)

***(ئایا پێتان وانیە ئێستا رەوشەکە خراپترە؟ پێشتر ئەگەر هۆکاری سیاسی وای کردبێ بارزانی ئامادەیی دەربڕێ کە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و دەرهێنانی تەسلیم بە کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمەریکی بکات، بەلام ئێستا نەوتی کوردستان دراوە بەهەندێ کۆمپانیای گومان لێکراوی ئەوتۆ کە ئەمەریکاش رازی نیە!؟ ئەمەش تەنها بۆ پارەکەیە نەك بۆ کێشە سیاسییەکە. پارەکەش کەس نازانێ بۆ کێیەو دەچێتە گیرفانی کێ؟ ).***

پێوەندی نێوان CIA و بارزانی گەیشتە رادەی پێکهێنانی لیژنەی پێوەنـدی هاوبـەش کـە لەلایـەن بارزانیـەوە نوێنـەرەکانی بریتـی بـوون

(87) د. گۆینتەر دیشنەر: کورد, گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو, ل٢٤٠

(88) ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول,ل٣٥٥

لە(ئیدریس, مەسعود)ی کوڕانی بارزانی و (سامی عبدالرحمن). لەبەر ئەوەی مەسعودو ئیدریس کەسانی کەم ئەزموون بوون, وە لە گەمەی دیبلۆماسی و دەولەتان شارەزاییان نەبوو, پێیان وابوو کە ئەمریکا هاریکاریەکەی هەتا سەرەو تا سەرکەوتن پشتی کورد بەر نادات.[89] ***(ئایا ئێستاش بەهەمان شێوە نییە؟).***

بەلاّم پێوەندییەکانی ئەمریکا بە بارزانیەوە لە چوارچێوەی تاکتیك بە دەر نەبووە،[90] چونکە لە هەردوو کۆبوونەوە کەی بارزانی لە تاران کە لە مانگی ١٠/١٩٧٤ لەگەل شای ئێراندا داوای گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا نیکسۆن و سکرتێری دەولەتی ئەمریکی(ولیام رۆجێرس)کردبوو. بەلاّم هیچیان ئامادە نەبوون لە گەڵ بارزانی دانیشن.[91] هەروەك لە کاتی شەڕی (عەرەب–ئیسرائیل)یش لە ساڵی ١٩٧٣دا ئەم راستیە دەردەکەوێت.

بارزانی دەیویست هەڵومەرجی ئەم شەڕە بقۆزێتەوەو وەك بارودۆخێکی لە بار بەکاری بێنێ بۆ مسۆگەر کردنی پشتیوانی ئەمریکا. بۆیە لە ١٥/١٠/١٩٧٣ دا بە بروسکە داوای لە کیسنجەر کرد کە ڕای حکومەتی ئەمریکای سەبارەت بە هێرش بردنە سەر سوپای عیراق بۆ وەربگرێ و وەلاّمی بداتەوە.[92] هەر هەمان پێشنیاریشی دا بە شای ئێران. کیسنجەر پێشنیاری بارزانی دابە نیکسۆنی سەرۆك

[89] هەمان سەرچاوە، ل٣٥٤

(٩٠) محمد حسنين هيكل: مدافع اية الله، قصة ايران والثورة، ل ١٣٦

[91] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول, ل٣٥٥

(٩٢) محمد حسنين هيكل:الحل و الحرب، ط ٨، بيروت، ١٩٨٨،ل ١٣٩.

کۆماری ئەمریکا بە نهێنی پەیوەندی بە عیراق و ئێرانەوە کردو داوای لێکردن کە بە هەردوو لا هەوڵدەن ناکۆکیەکانیان نەهێڵن و " ئەو شێرپەنجەش لە ناوبەرن کە سودەکەی لە پێشدا بۆ عیراق و ئینجا بۆ ئێران" دەبێت. (مەبەستی لەو شێرپەنجەیە شۆڕشی کوردو بارزانی بووە).(۹۳) لە لایەکی دیکەوە لە۱۹۷۳/۱۰/۱٦وەڵامی بارزانی دایەوە کە جارێ هێرش نەباتە سەر سوپای عیراق.(۹٤) تەنانەت کیسنجەرو شای ئێران نەیان دەویست کوردەکان سەرکەوتنی بنەبڕ بە دەست بهێنن. بەڵکو سوربوون لە سەر ئەوەی جولانەوەی کورد هەر هێندەیان توانا هەبێت کە بەرگری لە خۆ بکەن و کەش و هەوای دوژمنکارانە بپارێزن و هەرهێندەیان هێز هەبێ کە بتوانن عیراقی دراوسێی ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکا سەرقاڵبکەن.(۹۵) هەڵبەتە ئەم سیاسەتە بە کوردەکان نەوترا, بەڵکو تاقە چالاکی دەرەوەی ئەو سەردەمەی ئەمریکاو ئێران هاندانی بەردەوامی کورد بوو.(۹٦)

---

۹۸مارتن ڤان برۆنەسن:ئاغاوشێخ و دەوڵەت، ب۱، چ۲، ل۵۷؛ ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل۳۵۹؛ امین هویدي:کیسنجر وأدارة الصراع الدولي، ل۷۷-۷۸

(۹٤) محمد حسنین هیکل:الحل و الحرب، ط ۸، بیروت، ل۱۳۹، ۱۹۸۸؛ مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغاوشێخ و دەوڵەت، ب۱، ، ل۵۷؛ امین هویدي:کیسنجر وأدارة الصراع الدولي، ل۷۷-۷۸

(۹۵) امین هویدي:کیسنجر وأدارة الصراع الدولي، ل۷۸.

(۹٦) د. گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، ل۲۸۷

ئەوەتا کیسنجەر پەردە لە روی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد هەڵدەماڵێت و دەنوسێت:"وڵاتە دراوسێکانی وەکو ئیران بەو مەبەستە یارمەتی کوردیان دەدا تا خۆیان لە گێچەڵی عیراق بپارێزن. بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئامادەی ئەوە نەبوون کە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی لە ئامێز بگرن. بەهەمان شێوە کارگێڕێتی (نیکسن)یش هەرگیز پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردەکانی عیراق نەکردووە".(٩٧) ***(ئایا ئێستاش هەمان گەمە بەردەوام نیە؟)***

هەر کیسنجەر لە شوێنێکی تردا دەڵێت:"ئێمە زولمێکی گەورەمان لە کوردەکان کرد، لە کاتێکدا دەبوایە عیراق دژی سوریا بوەستێت، شەڕمان بە کورد راگرت و پشتمان تێکرد...".(٩٨)

دواتر لە راپۆرتی (پایك)یش دا هاتووە کە ئەمریکیەکان دەڵێن: "سیاسەتمان بەرامبەر بە کورد زۆر بێ ڕەوشتانە بوو، نە یارمەتیمان دان و نە لێشیان گەڕاین کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەگفتوگۆ چارەسەر بکەن. ئێمە هانماندان و دواتریش دەستمان لێ کردنەوەو جێمان هێشتن...".(٩٩)

بارزانی لە چەندین بۆنەدا گوزارشتی لەوە کردووە کە بە رادەیەك متمانەی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە کە ئەو متمانەیەی بە

(٩٧) هنری کیسنجەر: کارەساتی کوردەکان، وەرگێڕانی صەباحی غالب، گۆڤاری باسکار، ژمارە (٣)، سالی١٩٩٩، ل٧

(٩٨)محمد حسنین هیکل:الحل و الحرب، ل١٤٠-١٤١

(٩٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠؛ حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط، ل٢٣٩

هیچ زلهێزێکی تر نیە، بۆیەشە رایگەیاندووە کە ئەگەر دۆزەکەی سەر بکەوێ، ئەوا کوردستان دەبێت بە پەنجاو یەکەمین ویلایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.[١٠٠] ***(ئەوەتا مەسعود بارزانی بەناوی سەرۆکی کوردستانەوە رای دەگەیەنێ کە ئەگەر عیراق رێکەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ ئەمەریکا ئیمزا نەکات، ئەوا هەرێمی کوردستان دەیکات و پێشوازی لە هێزە ئەمەریکییەکان دەکات. بەلام ئاخۆ ئەمەریکا بەبێ عیراق چ حیسابێك بۆ هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئایا ی.ن.ك هەڵوێستی لەبەرامبەر ئەمەدا چیبوو و چی دەبێت؟ ئەی مام جەلال سەۆك کۆماری عیراق نیە؟).***

بەلام دوای ئەوەی ئەمریکا پشتی لە کورد کردو هیچ کام لە گفتو بەڵێنەکانی بەجێ نەهێنا، بارزانی لەدوا دیمانەی رۆژنامەوانی خۆی لە باشوری کوردستاندا، ئاوا وەڵامی رۆژنامە نوس(گوینتەر دیشنەر) دەداتەوە کە لێی پرسیوە:

-دەربارەی هەڵەیەکی گەورەی شەخصی کە خۆی کردبێتی چی بووە؟

بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت : " گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەیە کە متمانەم بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و باوەڕم بەو گفتو

---

[١٠٠] د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلێکی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، ل٢٣٩؛ شلومو نکدیمون:الموساد في العراق و دول الجوار، ل٢٩٧.

بەڵێنانە کرد کە پێیان داین".[١٠١] ***(پێتان وانیە ئەمجارە لە جیاتی ئێران و ئەمەریکا، عیراق و ئەمەریکا هەمان یاری دووبارە دەکەنەوە؟)***

لەلایەکی تریشەوە پەیمانی دۆستایەتی نێوان بەغداو مۆسکۆ ئیمزا کرابوو. لە پەیمانەکەدا هاتبوو کە عیراق چەك و جبەخانەیەکی زۆری لە سۆڤیەتەوە پێ بگات. عیراق بووبوو بە هاوپەیمانێکی بنەڕەتی بۆ سۆڤیەتیەکان لە ناوچەکەدا.[١٠٢] پێدانی چەکی زۆرو هاندانی بەغدا لە لایەن سۆڤیەتەوە, وای کرد کەهێرش بکاتە سەر کوردەکان. ئەمەش لەوە زۆرتر بوو کە هاوکاری ئێرانیەکان و ئەمریکیەکان و ئیسرائیلیەکان کە هاوکێشەکەیان راگرتبوو.[١٠٣]

سامی عبدالرحمن لەچاوپێ کەوتنێکدا دەڵێت:" تا ساڵی ١٩٧٢ سۆڤیەت یارمەتی شۆڕشی کوردستانی عیراقیان داوە، دوای ئەمە هاوکێشەکان گۆڕان و هاوپەیمانی و شتی تازە هاتنە پێشەوەو دواییش پەیوەندی لەنێوان جولانەوەی کوردی و سۆڤیەتدا پچڕاو لە ئاکامدا لەگەڵ ئۆردوگای سۆسیالیستی بە گشتی پچڕا ".[١٠٤]

---

[١٠١] د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلێکی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، ل٢٩٨-٢٩٩؛ ممتاز حیدری: کۆنگرەی ٩٠ سالەی لەدایك بوونی بارزانی نەمر، ل٣٢

(١٠٢) سامی شورش: تنوع الکرد في العراق، ل٢٦

[١٠٣] هنری کیسنجەر:کارەساتی کوردەکان، وەرگێڕانی صەباحی غالب، گۆڤاری باسکار- ژمارە (٣)، سالی١٩٩٩ ل٩

[١٠٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عبدالرحمن، رۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (١٧)، شوبباتی ١٩٩٠

لەشــەڕی کوردســتان (١٩٧٤-١٩٧٥)دا ســۆڤیەت بەهــەموو جــۆرە چەکێك هاوکاری عیراقی کرد. بەتایبەتی چەندان فڕۆکەی تازەی دابوو بە عیراق،(١٠٥) نەك هەر بە چەك، بگرە بە شارەزاو پسپۆری شەڕکەریش بەشـداری ئـەو شـەڕەی کـرد لەبەرژەوەنـدی عـیراق، لەوانـە: ڕۆژنامـەی (ڤیگـارۆ)ی فەرەنسـی لـە١٩٧٤/٧/٤ دا بـڵاوی کردۆتـەوە کـە فرۆکـەی (تۆبۆلـۆف-٢٢) کـە لـە شـەڕدا بەکار دێت، ئەفسـەرێکی روسی بە ناوی (کۆلۆنیل ئەلیکسەندەر ڤاسیلڤ) سەرپەرشتی ئەو چەك و بۆردومانانە دەکات کە لە کوردستاندا بەکار دەهێنرێن.(١٠٦)

لەماوەی یەك ساڵی شەڕدا, ئەگەر پشتیوانیەکەی ئیران و ئەمریکا لە رووی ئیداریـەوە لـە ئۆردوگاکـانی ئـیران و سـەر سـنورەکاندا یارمـەتی شورشـیان بـاش دابـێ, ئـەوا لـە رووی سیاسـی و سـەربازییەوە کێشـەی گـەلی کوردیـان نـابوود کـرد. لـە بەرامبـەر ئـەو هـەموو توانـا سـەربازیەی عـیراق و ئـەو هـەموو هێرشـە سـتراتیژیانەی دەکرانـە سـەر ناوچـە ئـازاد کراوەکـان, ئێـران و ئەمریکا تـەنیا چەکی تـەکنیکی سـەربازیان دەخسـتە مەیدانـەوە. ئێسـتاش چـەکی ئـەوتۆیان نەدایـە شـۆڕش کـە بتـوانێ بنکـە ئابوری و ئۆردوگا سەربازیە گەورەو گرانەکانی عیراق بۆردومان بکا.(١٠٧)

(١٠٥) مەسەلەی کورد لە رۆژنامەو گۆڤارە ئەلمانیەکاندا، گۆڤاری دەنگی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ١٩٧٤، ل١٢٣

(١٠٦) کـوردۆ عـەلی: سـۆڤیەت و بزوتنـەوەی نیشـتیمانیی کـورد، ل١١٢؛ مـیرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ل٥٢٠

(١٠٧) حیکمـت محمـد کـریم (مـەلا بـەختیار ): شـۆڕشـی کوردسـتان و گۆرانکاریـەکانی سەردەم، ل٢٢٥

سەبارەت بەو سیاسەتە د. محمود عوسمان لە چاو پێکەوتنێکدا دەڵێت:

( موشی دایان)ی وەزیری بەرگری پێشووی ئیسرائیل بڕیاری دابوو ژمارەیەك دەبابەمان بداتێ. بەڵام ئێرانیەکان نەیانهێشت "بە بیانوی ئەوەی نەوەك قەوارەیەکی سەربەخۆ لە کوردستاندا رابگەیەنین". (١٠٨)

لە بەر ئەم هۆکارانە ئەمریکا و ئێران شۆڕشیان لە رووی سەربازیەوە خستە سەنگەری بەرگری نێگەتیڤی جەنگی بەرەیی فراوانەوە. ئەم جۆرە جەنگە بەرەییە فراوانە بۆ بزوتنەوەیەکی چەکداری پارتیزانی کە لەسەر زەمینێکی جوگرافی تەسك و لەناو میلەتێکی کەمتر لە نەتەوەی سەر دەستە, بەپشتیوانیەکی لاوازو بە مەشق و سازدانی سەربازی دواکەوتوانەوە, مەترسیەکی سەربازی روخێنەرە. (١٠٩)

ئەو پێوەندیەی کە سەرکردایەتی شۆڕش لە گەڵ دەوڵەتاندا هەیبوو بە شێوەیەکی رەسمی و لە رێگای کاری دیبلۆماتیەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکی موخابەراتی و ژێر بەژێر بوو. ***(ئێستاش بەهەمان شێوە نییە؟)*** لە راستیشدا دەبێ هەموو جۆرە پێوەندیەکی دبلۆماسی و سیاسی و سەربازی و ئیداری ستراتیژی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ دەرەوەدا مۆرکراو، رونکراو، کۆنکرێت و ساغ کراو بێ، دەنا هەموو دەوڵەتێك بۆی هەیە بەئارەزوی بەرژەوەندیەکانی یاری بە پێوەندیەکە

(١٠٨) دیرۆکی پێوەندییەکانی کورد-ئیسرائیل لەسەر زاری د. محمود علی عوسمانەوە (چاوپێکەوتن) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٢٤) ١٩٩٧/١٢/٢٣

(١٠٩) حیکمت مجمد کریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستان و.... ل٢٢٥

بکا،[110] هەر ئەمەش بوو وای کرد کاتێ بارودۆخەکە گۆڕاو وای خواست کە دۆستانی کورد (ئەمریکاو ئێران) وازیان لە کۆمەك و هاوکاری شۆڕشی کورد هێناو کورد لەگۆڕەپانەکەدا بەتەنیا مایەوە.

***(ئایا پرسیوتانە ئێمە بەو سیاسەتەمان لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە لەگەڵ عیراقدا چیمان دەستکەوتووە؟ جگە لە هاتنی پارەو مەعاش چیتر کراوە؟ ناوچە دابڕاوەکان گەڕاونەتەوە سەر هەرێم؟ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ کراوە؟ زمانی کوردی بووە بەڕەسمی لە عیراقدا؟ سوپایەکی پۆشتەو پەرداخمان پێکەوە ناوە؟ دەستور جێگیر کراوەو مافەکانی کوردی تیادا دەستنیشانکراوە؟ سیاسەتمان لە کەرکوکدا سەرکەوتوو بووە؟ ئایا هەموو ئەمانە خەتاکەی هی دەسەلاتی ناوەندی بووە لە عیراقدا یان لە خۆمانە؟)***

کێشەیەکی تری سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئەوەبوو کە سیاسەتێکی جێگیری نەبوو، لە سیاسەتی دەرەکی و کاری دبلۆماسی نێو دەوڵەتان لاوازو بێ بەرنامەبوو. بۆچونەکانی بارزانی لای نوێنەرانی دەوڵەتان یەك رەنگ و هاوئاهەنگ نەبوون، بۆنمونە: بە ئەمەریکای دەوت " ئەگەر یارمەتیم بدەن کوردستان دەکەم بە ویلایەتی پەنجاو یەکی ئەمریکاو"[111] و بە سۆڤیەتی دەوت: " ئەگەر یارمەتیم بدەن کوردستان ئەکەم بە قەڵای کۆمۆنیزم"، بە ئێرانی دەوت: " ئێمە هەموومان لەرەگەزی ئارین "، وە بەعیراق ئەوت: " من عەبباسیم".

---

[110] هەمان سەرچاوە... ل٢٣٣

(١١١) صلاح ألخرسان:التيارات السياسية فی كردستان العراق، بيروت ٢٠٠١، ل٢٢٥

بەعـەرەبی ئـەوت:" مـن موسـڵمانم ئامـادەم پێشـمەرگە بنێـرم بـۆ شـەڕی جـوو" و بـە جولەکەشـی ئـەوت: " کـوردو جـوو نەتـەوەی حـەزرەتی ئیبراهیمن‌و ئەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن"[112]. بارزانی بەبۆچونی خۆی هـەوڵی دەدا پەیوەنـدی بـە هـەموو لایەکـەوە بکـات‌و بـۆ بەرژەوەنـدی شۆڕش ئیستیغلالیان بکات، بەڵام ئـەوان هـیچ کامێکیـان ئامادەنـەبوون وەك پێویسـت بـە دەنگیـەوە بچـن و هەوڵـەکانی هـەمووی بـێ سـود دەرچوون.

(112) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل١١٠

## ٢-ڕێکەوتنی جەزائیر لە ( ١٩٧٥/٣/٦ ) دا

ئـەو هۆکارانــەی لــە پێشــەوە باسمــان کــردن، تــا ئاســتێکی زۆر شۆڕشــەکەیان لاواز کردبــوو و بــەلاڕێیان دابردبــوو، بــەڵام بەســتنی پەیماننامــەی جــەزائیر زیــاتر بڕســتی لەشۆڕشــەکە بــڕی و گــورزێکی کاریگەری پێگەیاندوو بزوتنەوەکە هیچی تر توانای خۆڕاگرتنی نەماو هەرەسی هێنا.

دەمێك بوو هەوڵی لێك نزیك کەوتنەوەی عیراق و ئێران دەدرا لەلایـەن چـەند دەوڵـەتێکی دۆسـتی هـەردوو لایانـەوە بـەو مەبەسـتەی هـەردوو دەوڵـەت ئاشـت ببنـەوەو کۆتـایی بـە شۆڕشـی کـورد بهێنـرێ[١١٣]. بـەڵام سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی کـوردی لـەم ڕووەوە نـوتقی لـەخۆی بڕیبـوو. ئاخۆ ئاگاداری هیچ کام لەم جموجۆڵانـە نەبوو کە بۆ ئاشت بونەوەی عیراق و ئێران دەکرا؟ کـە ڕوون بـوو ئەنجامەکـەی کەنارخستن و هـەرەس پێهێنـانی شۆڕشــی کــورد بــوو، یــاخود ســەرکردایەتی قەناعــەتێکی جێگیری ئـەوتۆی هەبووکـە پـێی وابـوو ئێـران و ئـەمریکا دۆسـتی هـەتا هەتایی کوردن و هەرگیز پشتی تێ ناکەن.

هەر چۆنێ بێ، لەهەردوو حاڵەت دا ئەمـە ساویلکەیی سـەرکردایەتی کـوردی ئـەو ڕۆژگـارە دەگەیـەنێ لەمەیـدانی سیاسـەتدا. ***(ئایا ئێستاش هەمان هەوڵ و کۆششی دەوڵەتە ناوچەییەکان نییە بۆ ئاشت کردنەوەو یەکگرتنەوەی عەرەب لە عیراقدا بەرامبەر بە کورد؟ ئایا ئەگەر بیری***

(١١٣) عدنان المفتي: الاكراد والعلاقات العربية الكردية، ل٤٧

*عروبە بکەوێتەوە کارو هەموویان کاری لەسەر بکەن کورد سەرکەوتوو دەبێت لە سیاسەتەکانی لە بەغدا؟)*

تەنانەت بەر لەرێکەوتنی جەزائیریش چەندین کۆبونەوە لەنێوان نوێنەرانی عیراق‌و ئیران کراوە، بۆ نمونە:

تورکیا بەر لە هەر لایەك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عیراق‌و ئیرانی دەدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لەرۆژی ١٩٧٤/٥/١٦ دا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیادا کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان عیراق‌و ئیران‌و تورکیا بەسترا. لەوەزیری دەرەوەی ئیران داواکرا کە یارمەتی کوردەکانی عیراق نەدەن چونکە سەرکەوتنی کورد بۆ هەر سێ دەوڵەت کێشەیەکی گەورە دەخوڵقێنێ.[١١٤]

دوابەدوای ئەوە لە ١٢-١٨ی ئابی ١٩٧٤ دا نوێنەرانی عیراق‌و ئیران (سەعدون حمادی و عباس خلعتبری) وەزیرانی دەرەوەی ئەم دوو دەوڵەتە لە ئەستەمبوڵ کۆبونەوە.[١١٥] جارێکی تریش لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا تورکیا توانی نوێنەرانی عیراق‌و ئیران لەئەستەمبوڵ بگەیەنێتە

---

[١١٤] میرزا مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنوس)، ل٣٩٨

[١١٥] منوچهر پارسادۆست: ناکۆکی عیراق – ئیران، ل٥١؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه ڤی کوردستان العراق، ل٢٢٤؛ د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلی غەدر لێکراوی لەخشتە براو، ل٢٨٩؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی): رێبازی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ل٥٦؛ شلومونکدیمون:الموساد فی العراق و دول الجوار، ل٢٩٧

یەكو كۆبونەوەیان پێبكات.[116] لەرێكەوتی ١٩٧٥/١/٦ یش شای ئێران لە عەممان لەگەڵ مەلیك حسین دا كۆبونەوە، لە١٩٧٥/١/٨یشدا چوو بۆ قاهیرەو لەگەڵ سادات دا كۆبوٚوه.[117] كەهەر بەمەبەستی گەیشتنی رێككەوتننامەیەك بوو لەنێوان هەردوولادا. جگە لەوانە لەماوەی ١٦-٢٠ی كانونی دووەمی ١٩٧٥دا دیسان وەزیرانی دەرەوەی عیراقو ئیران چاویان بەیەكتری كەوت.[118] كیسنجەر دەڵێت: لەكۆبونەوەی ٨/ی شوباتی ١٩٧٥ دا لە زوریغ (Zurich) لە كۆتایی گەشتەكەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا شای ئیران بێ هیچ پێشەكیو ئاگادار كردنەوەیەك، پێی راگەیاندم كە بیری لەگفتوگۆ كردوٚتەوە لەگەڵ (سەدام حسین)دا منیش سەرۆك فۆرد (Ford)م ئاگاداركردەوە".[119]

لەرۆژی ١٩٧٥/٢/٢١ دوو نوسراوی (هەواری بومیدین) سەرۆك كۆماری جەزائیر نێردران بۆ (احمد حسن بكر) و (شا)ی ئێران. لەو نوسراوانەدا داوا لەهەردوو لایان كرا بوو كە رێك بكەون و كێشەو هەرای نێوانیان نەهێڵن.[120] هەر لەو بارەیەوە، كیسنجەر دەڵێ" شای ئێران بڕیاریدا بەشێوەیەكی دبلۆماسیانە پاشە كشە بكا.

---

[116] د. جەبار قادر: چەند بابەتێكی مێژوویی، ل ٧٨؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه فى كوردستان العراق، ل٢٢٤

[117] ئیبراهیم جەلال: خواروی كوردستانو شۆرشی ئەیلول، ل ٣٩٠؛ شلومونكدیمون:الموساد في العراق، ل٢٩٧

[118] منوچهر پارسا دوست: ناكۆكی عیراق – ئیران، ل٥١.

[119] هنری كیسنجەر. كارەساتی كوردەكان، گۆڤاری باسكار، ژمارە (٣)، ل٢٠

[120] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی كورد (دەستنوس)، ل ٦٠١

لـە ١٩٧٥/٢/٢٨ دا شـای ئێـران سـەردانی قـاهیرەی کـردو لەگـەڵ سادات کۆبۆوە، گەوهەری کۆبونەوەکە لەدواییدا لەلایـەن (محمـد حسـنین هیکل)ەوە ئاشکرا کرا کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی ئێران و عیراقەوە هەبوو.[١٢١]

شـای ئێـران تامـەزرۆو پەرۆشـی هـەر جـۆرە چارەسـەرێکی سیاسـی بـوو کـە ویسـتەکانی بـەدی بێنـێ. هـەر ئـەو هۆیـەش بـوو کـە هـانی دا یارمـەتی شۆڕشـگێڕانی کـورد بـدات،[١٢٢] تـا عیراقـی دراوسـێی ناچـار بکـات مـل بـۆ داواو مەرجـەکانی کـەچ بکـات کـە بریتـی بـوون لەمانـە: چارەسـەری کێشـە سـنوریە جـۆراو جۆرەکـان، بەتایبـەتی کێشـەی (**شـط العـرب**) بـەجۆرێك کـە بەرژەوەندییـە هەرێمییـەکانی شـا وەدی بێنـێ. کۆتـایی هێنـان بەهێرشـی (عەرەبسـتان) کـە عـیراق لـەپارێزگای (خوزسـتان)ەوە ئاراسـتەی دەکـرد. هـەروەها وازهێنـان لەهـەموو هەوڵەکانی دیکەی روخاندنی رژێمی ئێران، کە عیراق یارمـەتی دەدات، وەکو بلوجستان کە چەندین ساڵ بوو بوو بە بنکەی پشێوی و هەرا.[١٢٣]

بەم جۆرە هـەموو فاکتـەرو هەلومەرجـەکان خۆشبوون بـۆ ئـەوەی شا بەمەرامـەکانی خـۆی بگـات. تاقـە کۆسـپی سـەر ڕێگـە، کێشـەی کـوردی عـیراق بـوو کـە شـا یارمـەتی دەدان و لەسـەرەتادا داوای دەکـرد کـە داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێ و ئازادی و مافی چارەنوسی سیاسیان

---

[١٢١] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل ٣٨٩

[١٢٢] م. س. لازەرێف:کـورد و کوردسـتان، فاکتـەرەکانی دروسـتبونی کێشـەکە، وەرگێڕانی: د. جەبار قادر، ل٧٨-٧٩

(١٢٣) محمد حسنين هيكل: مدافع اية الله، ل١٤٢

بدرێتێ. کەچی دوایی بەو چاوە سەیری هەمان ئەو داخوازیانەی دەکرد کە خەونی سیاسیو هیواو ئاواتی دوورن لەواقیع. جا لەبەر ئەمە هەر دەبوایە قوربانی بەکوردی عیراق بدرێ.(١٢٤)

لە ٤-٦-ئازاری ١٩٧٥ لەکۆبونەوەی ساڵانەی سەرانی ئوپێك دا عیراقو ئێران (سەددام حسین)و (شا) بەناوبژیوانی (هەواری بومیدیەن)ی سەرۆك کۆماری جەزائیر بەیەك گەیەشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. دوای وتووێژەکان سەرانی هەردوو دەوڵەت بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا بڵاکردەوە کە بەرێکەوتنی جەزائیر ناسراوە.(١٢٥)

بەپێی مادده ئاشکراکانی ڕێکەوتنەکە: دەبوو هەردوو دەوڵەتی عیراقو ئێران پارێزگاری ئەمنو ئاسایشی ناوچە سنوریەکانیان بکەنو نەهێڵن هاتوچۆی قاچاغی تێدا بکرێ. و لەدژی یەکتری یارمەتی یاخیبوونو ئاژاوە نانەوەو پشێوی نەدەن. لەگەڵ یەکتری هاوکاری بکەن دژی ئەو تاقمە تێکدەرانەی کە لەیەکێك لەم دوو دەوڵەتەوە دژی دەوڵەتەکەی تر دەیانەوێ هەڵیسورێنن. ئەمانە خاڵە گرنگەکانی مادده ئاشکراکانی ڕێکەوتنەکە بوون لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا.(١٢٦)

---

(١٢٤) د. گوینتەر دیشنەر: کورد، گەلی غەدر لێ کراو لەخشتە براو، ل٢٩٠

(١٢٥) منوچهر پارسادوست: ناکوکی ئیرانو عیراق – ل٥٢؛ ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆرشی ئەیلول، ل ٣٩٠

(١٢٦) د. بیجەر مانی: کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێو دەوڵەتاندا، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ(٣)، ساڵی١٩٨٧، ل٣٤-٣٥؛ د. جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژوویی، ل٧٩

هەرچەندە رێکەوتنەکە بەرواڵەت کورت بوو، وناوی کوردی بەهیچ جۆرێك تێدا نەهاتبوو، و لەپلەی یەکەمدا دژی شۆڕشی کوردستانی عیراق بوو، کە ئەو کاتە گەیشتبووە بالآترین قۆناغی پەرەسەندنی چەندایەتی و مەترسییەکی گەورەی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی لەناوچەکەدا پێك هێنابوو، بەلآم لەراستیدا پەیمانەکە دژی هەموو نەتەوەی کوردبوو، چونکە بۆتەواو کردنی ئەم رێکەوتنە دوو بەندی نهێنی تریشیان خستبووە سەر:

یەکێکیان:لەهیچ هەڵو مەرجێکدا شاو رژێمی ئێران مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەلآتی ئێراندا نەسەڵمێنێ و لەمەدا حکومەتی عیراقیش پشتیوانی بکات.

دووەمیان:حکومەتەکانی ئێران و عیراق هەریەکەیان لەلای خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ راکێشانی حکومەتی تورکیا کە بەشداریان بکات لەو سیاسەتە هاوبەشەوی دژی کورد لەناوچەکەدا.[١٢٧]

ئەم رێککەوتنە سەودایەکی ئێرانی عیراقی بوو لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، کۆبونەوەی شاو سەددام حسین لەگەڵ یەکتری و رێکەوتنەکەیان، بۆ بارزانی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد روداوێکی کتوپڕی چاوەڕێ نەکراوبوو. ئەوانیش وەکو خەڵکی تر لەدەزگاکانی راگەیاندنی جیهانییەوە بیستیان. بەلآم بارزانی بڕوای وابوو کە ناکۆکیەکانی شاو سەددام لەوە قوڵترە بتوانن رێك بکەون. لەبەرئەوە ئەو هەولآنەی بەهەند هەڵنە دەگرت. پشت بەستنی بارزانی بە ئەمریکا و ئێران و دواتریش هاتنەکایەی رێکەوتننامەی جەزائیرو یەکلایی

[١٢٧] یەکێتی نشتیمانی کوردستان:قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە، ل٦-٧

کردنـەوەی کێشـە سـنوریەکانی نێـوان عـیراقو ئێـرانو مەسـەلەی (**شـط العرب**)، هەرەسیان نزیك کردەوە.

هاوکات لەگـەڵ ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنەکـەدا، حکومـەتی ئێران هـەموو یارمەتیەکانی لە کورد بڕیو لـەژێر ڕەحمـەتی سوپای عیراقیـدا بـەجێی هێشـت، پـاش تێپـەڕبوونی ماوەیـەکی کـەم شـۆڕش سـەرکوت کـراو ئـەمریکاش هـەمان ڕێگـەی ئێرانـی گرتـە بـەر.[١٢٨] هـەر ڕۆژێـك دوای ئیمزاکردنەکە، لە(١٩٧٥/٣/٧)دەوڵـەتی ئیران تۆپو تـەیارە شـکێنەکانو تفاقـە سـەربازیەکانی سـوپای خـۆی بـەرەو ئێـران کێشـایەوەو هـەموویان بەبـەردەم بارەگـای بـارزانی دا تێپـەڕین و بارزانیـان بـێ بـەرگری بـەجێ هێشـت. هـەر ئـەو کاتـە فرۆکـەکانی عـیراق بـێ تـرس کەوتنـە بۆردومـان کردنی گەلاڵە.[١٢٩]

دوابــەدوای ئیمزاکردنــی ڕێکەوتنەکــە، شــای ئێــران داوای لــە (ئەرتەشـبود نەسـیری)* کـرد کـە بـارزانی بـانگ بکەنـە تـاران، لـە ١٢ی ئـازاردا بـارزانی لەگـەڵ د. محمـود عوسمـان و محسـن دزەیـی بـران بـۆ دیـدەنی شـا. لـەو دیدەنیـەدا (نەسـیری)ش بەشـداربوو. شـا بـەم چەشـنە ئاگاداری وەفـدە کوردیەکـەی کـرد : ئێمـە ئیختـیلافو مەشاکلی خۆمـان لەگەڵ دەوڵـەتی عیراق کۆتـایی پـێ هێنـاوەو دەمانـەوێ لەگـەڵ عیراق کە

---

[١٢٨] حنا یوسف فریج: مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەعیراقداو... ل١٢

[١٢٩] مارتن ڤان برۆنەسن:ئاغاوشێخ ودەوڵـەت، ب١، ل٥٨؛ حسین عـارف: بیرەوەری سالێك لەتەمەن، ل١٨٨.

* ئـەر تەشـبود نەسـیری: ئەوسـا جەنـەراڵێك بـوو و سـەرۆکی دەزگـای (سـاواك) بـوو لەئێران.

دراوسـێمانە پەیوەندیـەکی دۆسـتانەمان هـەبێ. لـەتۆش داوا دەکـەم بەهـەموو بەرپرسـانی حزبـیو پێشـمەرگە رابگەیـەنی کـە لـەم سـەعاتەوە شەڕ لەگـەڵ سوپای عیراق تـەواو بووەو کـەس هـەقی نیـە سـەر ئێشـە بۆ دەوڵـەتی عـیراق سـاز بکـات. ئێمـە لەمـەودوا بـەهیچ چەشـنێك یارمـەتی بەدرێـژە پێدانی شۆڕشـی کورد ناکـەین". [١٣٠] هـەر لـەو دانیشـتنەدا شا درێـژە بەقسـەکانی دەدات و دەڵـێ: "دەوڵـەتانی عـەرەبی لـەم سـەردەمەدا بونەتـە هێزێکـی گـەورەی ئـەوتۆ لـەدنیادا کـە نـاکرێ پشـتگوێ بخـرێن. قازانجی ئێران لەوەدایە کە ناکۆکیەکانی خۆی لەگـەڵ ئـەوان بـەلادا بخات و لەگـەڵیان رێـك بکـەوێ، بـەم رێکەوتنـە ئێمـە توانیمـان ناکۆکیـەکانی خۆمـان لەگـەڵ عـیراق کـە (٤٢) سـاڵ نـەماتوانی بـوو لا بـەلای بکـەین. بـەجۆرێ بـەلای دابخـەین کـە ئێمـە دەمانویسـت. ئێـوەش خۆتـان ئازادن لەوەدا چی دەکەن:

-دێنە ئێران، وڵاتی خۆتانەو وەکو هاووڵاتی ئێران رەفتارتـان لەگـەڵ دەکەین.

-دەگەڕێنەوە عیراق، بەڵێنم لە سەددام وەرگرتوە کەستان نەکوژێ.

-درێژە بەشـەڕ دەدەن، ئارەزوی خۆتانـە، بـەڵام مـن ئـیتر سـنور لـەیار مەتیدانی جەنگ دا دائەخەم..". [١٣١]

لە وەلامی شای ئێراندا بارزانی وتی :-

---

[١٣٠] عیسی پژمان: نهێنـی یـەکانی بەستنی پـەیمانی الجزائیر – ل٩١؛ چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی.

[١٣١] د. گوینتــەر دیشــنەر: کــورد، گــەلی غــەدر لێ کــراوی لەخشــتە بــراو، ل٢٩٤؛ چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی.

"ئێمە میللەتی تۆین، مادەم تۆ لە ڕێکەوتنەکە ڕازیت و قازانجی ئێرانی تێدایە کە دایکی ئێمەشە، ئێمەش هیچمان لەسەری نیە، ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوە داین، بڵێ بمرن دەمرین و بڵێ بژین، ئێمە دڵسۆزی ئێوەبوین و دڵسۆزی ئێوە دەمێنینەوە...".[132]

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ بارزانی لەتاران گەڕایەوە، لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کۆبۆوەو ئەنجامی سەردانەکەی تاران و بینینی شای بۆ باس کردن و پێی ڕاگەیاندن کە شا چی پێ ووتوە، هەر لەو کۆبونەوەیەدا هەندێ بڕیاری گرنگ درا، گرنگترینیان درێژەدان بوو بە شۆڕش،[133] بەڵام لەهەمان کاتدا بارزانی بروسکەیەکی دابوو بەهەموو هێزەکانی پێشمەرگە کە لەسەعات یازدەی بەیانییەوە تەققە بوەستێنن.[134] شەوی ١٩/١٨-٣-١٩٧٥ سەرکردایەتی شۆڕش (بارزانی) لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی، لەکۆبونەوەیەکیاندا بڕیاریاندا کە بەردەوامبوون لەسەر شەڕکردن، لەتوانادا نەماوەو چەکدانان و تەسلیم بوون بە ئێران بۆتە ناچاریی.[135]

---

[132] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل٢٩؛ چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٠٠١/٨/٢٣، لەسلێمانی

[133] حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ١٩٩؛ حسین محمد عزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا، ل ١١٤.

[134] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنوس)، ل ٦١٥.

[135] کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایك بوونی بارزانی، ل١٢٢؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە...ل٣٠؛ حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ٢٩؛ میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ل ٦٣٤

هــەر دوای ئــەوە بــەرۆژێك لــە ١٩٧٥/٣/٢٠ لەئیزگــەی دەنگــی کوردستانەوە فەرماندەی پێشمەرگە (رشید سندی) بەناوی بارزانی و شۆڕشەوە بڕیاری راگرتنی شەڕی بڵاوکردەوەو داوای لەهەموو خەڵك کرد، چەکدارو بێ چەك ئازادن تەسلیم بەعیراق ببنەوە یان بچنە ناو ئێرانەوە.[١٣٦] لە ١٩٧٥/٣/٢١ یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆز کە پیرۆزترین رۆژی نەتەوەیی کوردە، رادیۆی دەنگی کوردستان لەجیاتی جەژنە پیرۆزە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بێ هیچ پێشەکی و راگەیاندنێك دەنگی لێ نەهاتەوە، تەنها ئەوەی راگەیاند کە " لەبەر هۆیەکی هونەری لەسبەی شەوەوە ئێزگە لەکار دەکەوێ".[١٣٧]

بەم جۆرە شای ئێران لەرێگەی ئەو یارمەتیەوە کە پێشکەشی شۆڕشی ئەیلولی کرد، دەیویست کەڵك لەجوڵانەوەی رەواو هەقی خەڵکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عیراق وەربگرێو لەدژی عیراق بیکاتە فاکتەری فشارو زۆر هێنان بۆ سەر سەددام تاکو مەبەستەکانی خۆی لەخەلیج و ئاوی (شگ العرب)و عەرەبستانو ناوچەکانی سنوری عیراقو ئێراندا بهێنێتەدی.[١٣٨] شای ئێران لەم پەیمانەدا بەمەبەستەکانی خۆی گەیشت، بۆیە ئیتر وازی لەبارزانی و جوڵانەوەی رزگاری گەلی کوردستان لە عیراق هێنا. هەر پاش ماوەیەك بەسەر

---

(١٣٦) کریس کوچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی ١٩، ٢٠ دا ل ٥٠٧؛ ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، ل٣٩٦.

(١٣٧) کریس کوچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی ١٩، ٢٠ دا، ل٥٠٧؛ حسین عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن، ل ٢١٩،

(١٣٨) محمد حسنين هيكل: مدافع اية الله، ل١٤٢

ڕێککەوتنەکەیانــدا شــا لــە گفتوگۆیەکــدا لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســی بەنێوبانگی عەرەب (محمد حسنین هیکل) دا دانی پێدانا،[139] شا بە مەبەستی خۆی گەیشت و سەری بەرژێمی عیراق دانواندو مەرجەکانی خۆی بەسەردا سەپاند. رژێمی بەعس چۆکی لەپێش شای ئێران دادا، لەبەرامبەر ئەمەدا، شای ئێران بارزانی لەمەیدانی شەڕو بەربەرەکانێی عیراقدا کێشایەوە دواوە.

بــەم شــێوەیە ڕێکەوتنامــەی جــەزائیرو مەیــدان چــۆڵکردنی سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکدارانی پارتی و دواتر ڕۆڵی هەرە خراپی بەعس و بەرنامەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. هەموو ئەمانە بەیەکەوە کۆمەڵێك فاکتەرن و هەر یەکەو بەجیا بۆ لەنێو چوون و هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی.

***دووای ئەوەی ئەم بارودۆخەی شۆڕشی ئەیلول و هەرەسەکەی دەبینین و لەگەڵ بارودۆخی ئێستاماندا بەراوردی دەکەین، هەرچەندە ئێستاو ئەوسا جیاوازی زۆرە، توانای ئێستاو ئەوسا جیاوازە، بارودۆخی دەولی ئێستاو ئەو کاتە جیاوازە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە بەوردی تێی دەڕوانین چیمان دێتە پێش چاو؟ ئاخۆ داهاتووی کوردستان بەگشتی و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بەتایبەتی چۆن دەبینن؟ ئایا پێتان وایە ئەو پەرش وبڵاوی و ململانێ توندەی لەنێوان باڵە جیاجیاکانی نێو یەکێتیدا هەیە لەبەرژەوەندی کێدایە؟ کێ قازانجی لێدەکات؟ تصعید کردنی بارودۆخەکە لە خزمەتی کێدایە؟ چارە چیە؟***

---

[139] جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەرۆژی کورد...ل٢٠

هەروا بمێنیٚ و بەهێواشی بەرەو پوکانەوەو هەڵوەشانەوە بچین؟ یاخود لێبوردەیی و وازهێنان لە هەندیٚ لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە پێناو سەربەرزیٚ و بەهێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟

ئێمە دەبێت باوەڕمان بە مێژوو هەبێت و پەندی لیٚ وەرگرین. (ی.ن.ك) لە سەردەمێکدا دروستبووە کە سەردەمی نائومێدی و ڕەشبینی تێکۆشەران و لەخۆبایی بوونی دوژمنان بووەو جیایە لەهەموو حیزبەکانی تر. کاتیٚ (ی.ن.ك) چووە کۆڕی خەباتەوە سەدام حسێن دەیووت:" جەلال ئەگەر دارخورما لەسەر سەری بڕوێت ناتوانیٚ جارێکی تر دوو چەکدار بەرێتەوە شاخەکان"، بەلام مێژوو سەلماندی، هەڤاڵ مام جەلال نەك دارخورما لەسەر سەری نەڕوا ، بەڵکو بەهەزاران تێکۆشەری ڕێبازی کوردایەتی لە چوارچێوەی (ی.ن.ك)دا کۆکردەوەو بەرەو کۆڕی تێکۆشانی رزگاریخوازی بردنی و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا، هەر لەسایەی خوێنی گەشی ئەم شەهیدانە بوو، مام جەلال بوو بەسەرکۆماری عیراق و سەدام حوسێنیش لەسەردەمی ئەودا لەسێدارە درا، ئەمەیە حوکمی مێژوو کە دەبیٚ باوەڕمان پێی هەبیٚ، ئەگەرنا بڕیاری خۆیمان بەسەردا دەسەپێنیٚ و ڕوحمیش بەکەسمان ناکات.

(ی.ن.ك) لەتەمەنی خۆیدا گەلیٚ نەهامەتی بەسەر هاتووە، گەلیٚ گورزی کوشندەی بەرکەوتووە، هەندێکی لەلایەن داگیرکەران و هەندێکی لەلایەن حیزبە ڕکابەرەکانی لە کوردستانداو هەندێکی تریشی لەلایەن خودی ئەندامەکانی خۆیەوە بووە. ئەگەر سەیرێکی ئەم رابردووە بکەین دەبینین یەکەم کارەسات کە بەسەری هاتبیٚ دەسگیر کردنی

سەرکردایەتی ناوەوەی ولات بوو لە سالّی ۱۹۷٥دا کە شیهابی شێخ نـوری و هاوڕێکـانی لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە سـالّی ۱۹۷٦ لەسێدارەدران و هەڤالەکانی تریش سالانێك لە زینداندا مانەوە، بەلام یەکێتی نەکەوت. دووەم کارەساتێ کە ڕووبەڕووی (ی.ن.ك) بووبێتەوە لێدان و ئیبادە کردنی یەکەم دەستەی چەکداری بوو کە شەهید ئیبراهیم عەزۆ سەرپەرشتی دەکردن و بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی شۆڕش گەڕانەوە کوردستان بەلام هەموویان کوژران و دەسگیرکران، کەچی یەکێتی نەکەوت. سێیەمیان کارەساتی هەکاری بوو سالی ۱۹۷۸ کە تیایدا بەسەدان پێشمەرگەی یەکێتی گیران و کوژران و تەسلیم کرانەوەو هێـزی پێشـمەرگەی یـەکێتی بـەرەو لاوازی چـوو و چـەند سەرکردەیەکیشی گولله باران کران، بەلام یەکێتی تەواو نەبوو. چوارەم گـورز کـە بـەر یـەکێتی کـەوتبێ جیابوونـەوەی بەشـی هـەرەزۆری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو لێی، کە دوواتر (حسك)ی لێ درووست بوو و بوو بە یەکێك لە رکابەرەکانی (ی.ن.ك) لە کوردستاندا، بەلام یەکێتی هەڵنەوەشایەوە. پێنجەم گورز کە بەر یەکێتی کەوت ئەو پەشێویەبوو کـە لەسـەروبەندی گفتوگـۆی ۱۹۸٤ دا کۆمـەڵێك کـادیر بەناوی (ئالای شۆڕش)ەوە جیابوونەوە، بەلام یەکێتی هەر وەکو خۆی مایەوەو سەرەنجام ئالای شۆڕشیش گەڕایەوە نێو یەکێتی. شەشەم گورز کە بەر یەکێتی کەوتبێ کارەساتی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ بوو کە (ی.ن.ك) زیانێکی زۆر گەورەی لێ کرد، ناوچەیەکی زۆری نفوزی خۆی لەدەستدا، بـەلام دیسـانەوە هەڵسـایەوە. ئێسـتاش کارەسـاتێکی تـر بەڕێوەیە، ئەو پەشێوییە نێو خۆییە، ئەگەر بەری پێنەگیرێت لەهەموان

خراپتر دەبێت. ئەو هەموو کارەساتەی باسمان کردن زیانی گەورەیان لە (ی.ن.ك)دا، هەر یەکێکیان تا ئاستێك بوونە مایەی لاوازبوونی، بەلام هیچ کامیان نەیانتوانی یەکێتی لەنێو ببەن‌و یەکێتی لەنێو نەچوو، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبوو. هەرکەس‌و دەستەیەکیش لە یەکێتی جیابوو بێتەوە سەرکەوتوو نەبووەو نەیتووانیوە ئەو بەرنامانەی دایناوە جێبەجێیان بکات‌و شکستی هێناوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر (ی.ن.ك) خۆی چاك نەکات ئەمجارە گورزەکە لەهەموو جارەکان کوشندەتر دەبێت. بۆیە دەکرێت بڵێین پێویستە لەسەر هەموومان یەکدەست بین لەپێناو نەمانی گەندەڵی.. توندو تۆڵکردنی رێکخستنەکان...دانانی کەسانی شیاو لەشوێنی شیاو... کارکردن بە پەیرەو و پرۆگرام... شەفافیەت لە دام‌و دەزگاکاندا... و سەرکردایەتی بەکۆمەل، بەسیستەم کردنی دام‌و دەزگاکانی یەکێتی‌و بەرنامەی کارەکانی، لەپێناو نەهێشتنی چەمکی ئێمەو ئەوان، بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە یەکێتی بین، لەپێناو نەهێشتنی چەمکی کەمینەو زۆرینە، تاهەموومان زۆرینە بین‌و یەکدەست یەکێتی بین، لەپێناو چاککردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە نەبێتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

**کتێب بەزمانی کوردی:**


١. ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، چ١، ١٩٩٠، لندن.

٢. ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١) ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣. ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، چ٣, ١٩٩٩, سلێمانی.

٤. پارتی دیموکراتی کوردستان ( کۆمیتەی ئامادەکردن ): هەڵسەنگاندنی ڕەوش و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد (دەرس و پەندەکان)، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.

٥. پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):ڕێبازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن کۆنفرانسی پارتییەوە لە (١١-١٥)ی ئابی ١٩٧٦ ەوە پەسەند کراوە..

٦. جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگڕی ئاگری جەنگی عێراق وئێراندا, ستۆکهۆڵم,١٩٨٩.

٧. حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی: لەشنرویَوە بۆستۆکهۆڵم, چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەریەکانم لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا، سلێمانی, ٢٠٠٠ .

٨. حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست: ڕاپۆرتی ناوەندی نۆیەم کۆنگرەی هەرێمانە, حوزەیرانی ١٩٨٢، بغداد، ١٩٨٣.

٩. حسين عارف: بیرەوەری ساڵێك لەتەمەن ١٩٧٤/٣/٢٨بۆ ١٩٧٥/٣/٢٧ چ ١, ١٩٩٩, سلێمانی.

١٠. حسين محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا, چ١, , چاپخانەی باران، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥.

١١. حسين محەمەد عەزیز: خولانەوە لەبازنەی بۆشدا, دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ جرجیس فتح الله چاپی یەکەم, ١٩٩٧, سوید.

١٢. حیکمەت محمد کریم (مەلابەختیار): شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم, چ٣، ١٩٩٤, هەولێر.

١٣. د. جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٤. د. گوینتەر دێشنەر: کورد, گەلی لە خشتە براوی غەدرلێ کراو، وەرگێڕانی:حمه کریم عارف، هەولێر, ١٩٩٩.

١٥. ژێدار چالیاند: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانێکی پەرت، وەرگێڕانی م.گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.

١٦. رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٣.

١٧. سەرهەڵدان و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عیراق، لەبڵاوکراوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١٨. عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم.

١٩. عیسی پژمان: نهێنی بەستنی پەیمانی١٩٧٥ی ئەلجزائیر لە ئەرشیفی تەواونهێنی ساواك، وەرگێڕان: ناسرئیبراهیمی سوئید,١٩٩٧.

٢٠. کریس کوچیرا:مێژووی کورد لەسەدەی ١٩، ٢٠ دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، تاران، ١٣٦٩ هەتاوی.

٢١. کوردۆ عەلی: سۆڤیەت و بزوتنەوەی نیشتیمانیی کورد.

٢٢. م. س. لازەرێف:کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی دروستبونی کێشەکە، وەرگێڕانی جەبار قادر، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٣. مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی کوردۆ، ب١، چ٢، سلێمانی.
٢٤. منوچهر پارسادۆست: ناکۆکی ئیران-عێراق, وەرگێڕانی محسن علی، سلێمانی، ١٩٩٥.
٢٥. مومتاز حیدری و نەژاد عزیز سورمێ: کۆنگرەی ٩٠ساڵەی لەدایك بوونی بارزانیی نەمر، سەلاحەددین١٤١٧/٩/١٩٩٣، کوردستان، ١٩٩٧، چاپی یەکەم.
٢٦. میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد (دەستنوس) .
٢٧. نەوشێروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن چ٣، ١٩٩٨، سلێمانی.
٢٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨. چ٢, ١٩٩٧, سلێمانی, چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
٢٩. هەڵبژاردەیەك لەنوسینەکانی شەهید ئارام، ب١، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ١٩٨٠.
٣٠. یەکێتی نشتیمانی کوردستان: قیادەی موەقەتە لەچ بەرەیەکدا وەستاوە؟ چ٢، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٣.

**گۆڤارەکان:**

٣١. جەلال دەباغ: هۆیەکانی دارمان و پەند وتاقی کردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٢)، ساڵی١٩٨٧، لەندەن.

٣٢. هنری کیسنجەر: کارەساتی کوردەکان، وەرگێڕانی صەباحی غالب، گۆڤاری باسکار، ژمارە (٣)، ساڵی١٩٩٩.

٣٣. مەسەلەی کورد لە رۆژنامەو گۆڤارە ئەلمانیەکاندا، گۆڤاری دەنگی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ١٩٧٤.

٣٤. عومەری سەید عەلی: هەندێ لایەن و رەوتی مێژوویی و سەرەتایی دامەزراندنی ی. ن. ك، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(١٩) .

٣٥. د. بیجەر مانی: کوردستانی نیشتمان و کێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێو دەوڵەتاندا، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ(٣)، ساڵی١٩٨٧.

**رۆژنامەکان:**

٣٦. محمد رەنجاو: شەهید سەیدا صالح یوسفی...رابەرێکی نوێی تێکۆشان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ, ژمارە(٤٢١)٢٥/٦/١٩٩٣.

٣٧. چاوپێکەوتن لەگەل د. محمود عوسمان لە ٢٣/٨/٢٠٠١، لەسلێمانی.

٣٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عبدالرحمن، رۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە(١٧)، شوباتی ١٩٩٠.

٣٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، ٢/٦/١٩٩٦

٤٠. دیرۆکی پێوەندییەکانی کورد-ئیسرائیل لەسەر زاری د. محمود عوسمانەوە ( چاوپێکەوتن) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٢٤) ٢٣/١٢/١٩٩٧

٤١. خەبات، ژمارە(١)، ساڵی١٩٧٦.

**بەزمانی عەرەبی:**

٤٢. ا.كاوة:قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلة، ط١، العراق، ١٩٩٠.
٤٣. امين هويدي:كيسنجر وأدارة الصراع الدولي، ط٢، قاهرة، ١٩٨٦.
٤٤. حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، قاهرة، ١٩٩٢.
٤٥. حبيب محمد كريم:تأريخ الحزب الديمقراطى الكردستانى–العراق، دهوك، ١٩٩٨.
٤٦. سامى شورش: تنوع الكرد في العراق، اربيل، ٢٠٠٠.
٤٧. سعد البزاز:الاكراد فى المسألة العراقية، ١٩٩٦، عمان.
٤٨. شلومونكديمون:الموساد في العراق و دول الجوار، بيروت، ١٩٩٨.
٤٩. صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان العراق، بيروت، ٢٠٠١.
٥٠. عدنان المفتي: الاكراد والعلاقات العربية الكردية.
٥١. عزيز محمد: تقرير ل. م للحزب الشيوعي العراقي فى المؤتمر الثالث للحزب، طريق الشعب، ١٩٧٦/٤/٩.
٥٢. مؤسسة الدرسات والابحاث:الصراع العربى الفارسى، باريس، ١٩٨١.
٥٣. محمد حسنين هيكل: مدافع اية اللة، قصة ايران والثورة، بيروت، ١٩٨٨.
٥٤. محمد حسنين هيكل:الحل و الحرب، ط ٨، بيروت، ١٩٨٨.
٥٥. مسعود بارزانى: التقريرالسياسى والقرارات السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكوردستانى–العراق، المنعقد فى تشرين الثاني عام١٩٧٩.

# بەکورتی

ئەو چەند لاپەڕەیەی بەردەستتان وەك هەست کردنێك بە لێپرسراوییێتیەکی مێژوویی نوسراوە، ئێمەی کورد هەرگیز پەندمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، وەك بەراوردێکی مێژوویی ئەو رابردووەمان خستۆتە روو، لە و فاکتەرانە دوواوین کە بوونە مایەی هەرەسهێنانی شۆڕشێکی چواردەساڵەی میللەتێکی ستەمدیدەی وەکو کورد بەدەست سیاسەتی هەڵەی سەرکردایەتیەکی بێدەسەلاتی تەسکبینی نەشارەزا لەسیاسەتی دەولی و ناوچەیی و بێمنەت لە میللەتەکەی خۆی. ئەگەر سەیرێکی رەوشی ئەمڕۆی (ی.ن.ك) بکەین ئەوا گەلێ پرسیارمان لا دروست دەبێت و پێمان وایە ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوام بێت ئەوا چارەنوسی ئێمەش لە چارەنوسی نەوەی پێشوو باشتر نابێت.

مەبەست لە نوسینی ئەم بابەتەدا ئامۆژگاری کردنی هیچ کەسێك نیە، هیچ شتێکی تازەشمان نەووتووە، چونکە دڵنیام سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئەو راستیانە زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن، بەلام ئێمە ویستوومانە تەنها وەبیریان بخەینەوە. بۆئەوەی تەفسیری خراپیش بۆ کارەکەمان نەکرێت، هەوڵمانداوە ناوی هیچ کەسێك لە بەرپرسەکانی (ی.ن.ك) نەهێنین و تەنها بەشێوەی پرسیار بابەتەکەمان خستۆتە روو.

هیوادارم ئەم بابەتەم وەك هەوڵێکی دڵسۆزانە وەربگیرێت نەك هیچ مەبەستێکی تر. چونکە وەك مامۆستایەکی زانکۆ پسپۆر لەبواری مێژوودا، هەروەها وەك کادیرێکی (ی.ن.ك)، دوور لە هەر مەبەستێکی تر، بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی وەك لێپرسراوییەتیەکی مێژوویی ئەم چەند لاپەڕەیە بنوسم.

هیوادارم هیچکام لەو پرسیارانەی کردوومانە، لەو شك و گومانانەی هەمانە، راست نەبن و بارودۆخی یەکێتی ئەوەندە باش بێت من هەڵە بم لە نوسینەکەمدا.

بەهیوای چاککردنی بارودۆخی (ی.ن.ك).

Sulaimani 2008